

# مشتومڕ و ململانێ لەسەر دەستوور لە ئاستی فیکر و ململانێی فیکردایە

## رەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن بنەمای یاسایی نییە و خودی رەخنەکەیان ئیشکالیەتی لەخۆی گرتووە




((چەمکی دەستوور
لای هەر گەلێک
چەمکێکی پیرۆزە))



ئەمانۆئیل کانت

ئەمانوئیل کانت لە کتێبی ((پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی))، بوونی دەستوورێکی مەدەنی کۆماری بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانێت بۆ ئەوەی پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی لەناو وڵات و لەنێوان نەتەوەکان لەگەڵ یەکدی بێتە ئاراوە، لەو دەستووره مەدەنییەی ئەمانوئیل کانت باسی دەکات جاڕدانی شەڕ بەدەستی پەرلەمانە نەك حکومەت، بۆیە پێشنیاری ئەو بەو جۆرەیە کە پێویستە پەرلەمان کە نوێنەرایەتی میللەت دەکات بڕیاری شەڕبدات، ئەوجا ئەگەر بڕیاری شەڕ بگەڕێتەوە بۆ میللەت و، لەبەر ئەوەی میللەتیش زۆر زەحمەت بڕیاری شەڕدەدات، ئەوا ئەو ئاگربەستە کاتییەی لەنێوان نەتەوەکان بوونی هەیە و هەمیشە هەڕەشەی شەڕێکی نوێی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، دەبێتە نییەتێکی راستەقینە بۆ ئاشتی هەمیشەیی، ئەم قسەیەی کانت، هەمان ئەو شانازییەیە کە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی بەخۆیانەوە دەکەن، کە هەمیشە ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە، لەوکاتەوەی دەستووری مەدەنی لیبرالی لە وڵاتەکانیان دانراوە، دوو دەوڵەتی دیموکراتی پێکەوە شەڕیان نەکردووە.

کەواتە کە باسی دەستوور دەکەین، مەبەست لە (دەستووری مەدەنی، نوێنەرایەتی، کۆمارییە)، لەبەر ئەوەی کانت پێیوایە دەستوور ئەگەر دەستوورێکی دیموکراتیانە بوو، شایەنی قسە لەسەرکردن نییە، ئەم پاشخانە مێژووییە بەوجۆرە سروشتی دەستوورمان لە سیستمی دیموکراتی بۆ پێناسە دەکات کە سروشتی دەستوور بەو جۆرەیە کە دەبێت مشتومڕی لەسەر بکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار ئوستادی فەلسەفەی زانستی سیاسەت کرد، بەوەی ئایا بۆ دەبێت مشتومڕ لەسەر دەستوور بکرێت؟ پرۆفیسۆر نەجار لەسەر ئەم پرسە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (لەبەر ئەوەی دەستوور بریتییە لە ئامرازێك یان رێگەیەك بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە و رێکخستنی دەوڵەت، سروشتی دەستوورەکە جێگەی مشتومڕە. لە سیستمی دیموکراتیشدا بۆ رێکخستنی دەوڵەت و کۆمەڵگە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەریەك لەو بۆچوونە جیاوازانەش هەوڵدەدات بۆچوونی خۆی هەژموونی هەبێت بەسەر بۆچوونەکانی دیکەدا، بۆیە هەر لایەك هەوڵدەدات بیروبۆچوونی خۆی لە دەستووردا بچەسپێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستوور لە سیستمی دیموکراتی بیروبۆچوونی هەموو لایەنە سیاسییەکان لەخۆی دەگرێت، بەڵام مەرج نییە هەر لایەنێکی سیاسیی هەموو بۆچوونەکانی لەناو دەستوورەکەدا بچەسپێت، بۆیە لە پرۆژەی دانانی



**سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**نامەیەکم بۆ حزبەکان ناردووە و داوام لێکردوون لەماوەی یەک هەفتەدا تێبینی و پێشنیارەکانیان لەسەر پرۆژەی دەستوور بنێرن بۆ ئەوەی دوای ئەنجامدانی راپرسی لە ماوەیەکی کورتدا کار بۆ هەموارکردنی دەستوور بکرێت، وێڕای هەموو ئەو راستیانەش، چونکە لەکاتی داڕشتنی ئەو پرۆژەیە ٣٦ حزبی کوردستانی بە ئیجماع قبوڵیان کردووە و ئیمزایان لەسەر کرد، ئێستاش من دەڵێم هەر پێشنیارێک لەسەر ئیجماعی پێشوو بێت، پێویستە بە هەمان شێوە ئیجماعی هەموو حزبەکانی ئێستای لەسەر بێت.**

دەستووردا بیروبۆچوونە سیاسیەکان ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی ئەو بیروبۆچوونانە بچەسپێت، ئەمە پێمان دەڵێت سروشتی دەستوور لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەربڕی ئایدلۆژییەتەکانە، بەڵام کام ئایدلۆژیەت، بێگومان ئایدلۆژیەتی ئەو حزبە سیاسیانەی کە لە کۆمەڵگە سیاسەت دەکەن، ئەمەش فەرزی دەکات بۆ ئەوەی پرۆژەی دانانی دەستوور سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت لەنێو لایەنە سیاسیەکاندا وتووێژێکی فیکری سیاسیی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر شێوازێك رێکبکەون و بیروبۆچوونی هەموویان لەناو دەستوورەکە بچەسپێت، لەم چوارچێوەیەدا و کاتێك دەبینین لەکاتی پرۆژەی دانانی دەستوور حزبە سیاسیەکان هەندێك بیروبۆچوونی پرۆژەی دەستوورەکە رەتدەکەنەوە یان سەرنج و تێبینی خۆیان دەخەنە روو، ئەمە کارێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی لەکاتی دارشتن یان دانانی دەستووردا لەوڵاتانی دیموکراتی ئەم مشتومرە هەر هەبووە، لێرەدا من باسی نموونەی دەستووری شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئەمریکا دەکەم، دەستووری فەرەنسی ماوەی ٣ ساڵ مشتومڕی لەسەر کراوە، واتە لە ١٧٩٨- ١٧٩١، ئەمەش مانای ئەوەیە شۆڕشگێڕانی دوای شۆڕشی فەرەنسا هاتن بیری نوێیان داهێنا و دەستوورەکەشیان لەبەر رۆشنایی ئەو بیرە نوێیە دانا، بەهەمان شێوە لە دوای شۆڕشی ئەمریکاش، ئەوانیش فیکری فیدراڵیەتیان خستەڕوو، لەسەر ئەم پرسە لە کۆنگرەی فلادیلفیا مشتومڕی زۆر کراوە لەلایەن جیفرسۆن و هاملتون وجای و ئەوانی دیکەش کە بە باوکانی دامەزرێنەر ناسراون، ئەوانیش لەدەستووری ئەمریکا فیکری نوێیان داهێنا، بۆیە ئەم دوو نموونەیە ئەوەمان پێدەڵێن، بەوەی راستە دەستوور جێگەی مشتومڕ و ململانێیە، بەڵام وەك ئەمانوئیل کانت ئاماژەی پێکردووە، لەبەر ئەوەی چەمکی دەستوور لای هەر نەتەوەیەك چەمکێکی پیرۆزە، ئەوا دەبێت دیالۆگ و وتووێژ لەسەر ئەم چەمکە پیرۆزە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بکرێت، کە ئەویش ئاستی وتووێژی فیکری و ململانێی فیکریە، ئەمەش مانای ئەوەیە مشتومڕ و ململانێ لەسەر دەستوور، واتە مشتومڕە لەسەر چەسپاندنی ئەو فەلەسەفەیەی کە لە واقیعی حاڵدا پراکتیزە دەکرێت، هەربۆیە ئەگەر دەستووری هەر وڵاتێك بخوێنینەوە، ئامانج لە خوێندنەوەکە ئەوەیە تابزانین فەلسەفەی سیاسی دەسەڵاتی سیاسیی چۆن لەو دەستوورە چەسپێنراوە، ئەمە دیسان ئەوەمان بۆ دووبارە دەکاتەوە، بەوەی راستە ململانێ و مشتومڕ لەسەر دەستوور هەیە، بەڵام ئەم مشتومڕ و ململانێیە بۆ ئەوە نییە ئاستی پیرۆزی دەستوور بهێنێتە خوارەوە، بەڵکو بەو جۆرەیە مشتومڕ و ململانێ دەکرێت بۆ ئەوەی ئاستی پیرۆزی دەستوور بپارێزرێت، هەر بۆیە وەك بیرمەندی گەورەی فەلسەفەی یاساو دانەری دەستووری نەمساوی (کە لە ساڵی ١٩٢٠ دانراوە و تا ئێستا پەیرە و دەکرێت) هانس کیلسن دەڵێت: (دەستوور هەمیشە لە لوتکەیە و لوتکەی سیستمی سیاسی هەر وڵاتێك یان کیانێك دەستوورە))، ئەگەر لەم روانگەیەی کیلسن-ەوە سەیری ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بێ لوتکەیە و پێویستە ئێمەش ئەو لوتکەیەمان هەبێت کە دەستوورە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە نەبوونی دەستوور چ زیانێکی هەیە؟ بێگومان فیقهی دەستووری لە وەڵامی ئەم پرسیارە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لە حاڵەتی نەبوونی دەستووردا، یاساکانی وڵات بەبێ مەرجەعی دەستوور دەردەچن و یاسادانەرانیش بە کەیفی خۆیان دەتوانن یاری بە یاساکان بکەن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە سەرچاوەیەك نییە پێوەی پابەند بیت، ئەم حاڵەتە ئێستا حاڵەتی هەرێمی کوردستانیشە، بۆیە ئەو سیستەمە یاساییەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەیە پێویستی بەدەستوورە، ئەم دەستوورەش زۆر دواکەوتووەو دەبوایە پێش ١٥ ساڵ هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بوایە، ئەگەر دەستوورمان هەبوایە دەمانتوانی باری سیستمی یاسایی خۆمان بپارێزین، ئەمەش واتە دەستوور هەژموونی لەسەر هەموو بارەکانی ژیان دەبوو، دەبووە چەترێك بۆ ئەوەی کارە یاسایی و کارگێڕیەکانی پێ رێکبخرێت، هەر بۆ نموونە زۆر جار باس لەوە دەکرێت کەموکورتی یاساییمان نییە، بێگومان راستە کەموکورتیمان هەیە، هۆکاری ئەم کەموکورتیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستوورمان نییە، بۆیە دیسان دەگەڕێمەوە بۆ قسەکەی کیلسن کە دەڵێت: ((لە هەرەمی یاساییدا پێویستمان بە لوتکەیە ئەو لوتکەیەش دەستوورە))..)

## بۆچی گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان نایاساییە؟

ئەوەی پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار ئاماژەی پێکرد، سروشتی دانانی دەستوورە لە سیستمی دیموکراتیدا، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەستووری کوردستانیش ئەم سروشتی مشتومڕ و ململانێی هەبووە یان وەك ئێستا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئاماژەی پێدەکەن، ئەو دەرگایە داخراوە و بە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت بیخاتە پرۆسەی راپرسیەوە؟ ئەگەر ئەم قسەیەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەوجۆرە نییە بۆچی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا کە بەبۆنەی شۆڕشی گوڵانەوە پێشکەشی کرد و بە جەماوەری

> **سروشتی دەستوور لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەربڕی ئایدلۆژییەتەکانە، بەڵام کام ئایدلۆژیەت، بێگومان ئایدلۆژیەتی ئەو حزبە سیاسیانەی کە لە کۆمەڵگەدا سیاسەت دەکەن**



## پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار:

**پرۆژەی دانانی دەستوور کاری پەرلەمان نییە، هەتا ئەگەر پەرلەمان خۆشی هەستێت بەدانانی دەستوور، ئەوا ئەم کارە لەدەرەوەی کاری پەرلەمانی دەکات و دەبێتە دەسەڵاتێک بۆ دانانی دەستوور، کەواتە کاری پەرلەمان تەشریعی یاسایە، دەستووریش دادەنرێت و تەشریع ناکرێت، شێوازێکی دیکە بۆ دانانی دەستوور بە رێگەی پێکهێنانی لیژنەیەک دەبێت کە ئەرکی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری پێدەسپێردرێت، ئەم لیژنەیەش دەسەڵاتی دامەزرێنەری دەبێت و پێی دەگوترێت لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور، واتە دەستوورەکە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە راپرسیدا میللەت پەسەندی بکات، راستە پرۆژەی دەستوور وەک یاسا لە پەرلەمان دەردەچێت و بە پرانسیپی معیاری ئەو پرۆژە یاسایە، بەڵام جیاوازی ئەم پرۆژەیە وەک یاسا لە یاساکانی دیکە ئەوەیە، دوای دەرچوونی لەپەرلەمان راستەوخۆ جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو پێویستە میللەت دەنگی لەسەر بدات، زۆربەی زۆری بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووریش لەرووی فیقهی دەستووریی و ئەزموونە جیهانیەکانەوە ئەوەبوو کە پێویستە ئەو دەستوورە بدرێتە میللەت و میللەت رای خۆی لەسەر بدات.**

راگەیاند دەستوور هەموو قۆناخەکانی بڕیوە و تەنیا یەك هەنگاوی ماوە، ئەویش ئەوەیە میللەت بڕیاری لەسەر بدات؟ هەروەها پرسیاری دیکە ئەوەیە بۆچی دەستوور نەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پرسیارێکی دیکە دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە ئایا بۆچی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەچەند رۆژێك پێش پەیامەکەی لە یادی شۆڕشی گوڵاندا لەگەڵ لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان کۆبۆوە؟ سەبارەت بە ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکێك لەو یاساناسانەی ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووە، بە گوڵانی راگەیاند: (ئامانجی ئەو کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەبوو، کە سەرۆکی هەرێم وتووێژ لەگەڵ ئەو لیژنەیە بکات، بەوەی ئایا لەرووی یاساییەوە بواری ئەوە ماوە دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان یان نە؟ ئایا پرۆژەی دەستوورەکە هیچ ئیشکالیەتێکی هەیە بۆ ئەوەی بخرێتە راپرسیەوە؟ لەسەر ئەم پرسە ماوەی زیاتر لە سێ سەعات لیژنەکە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتووێژیان کردووە و وتووێژەکەش لە ئاستێکی زۆر بەرز بووە، لەمەش زیاتر لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور کە بێجگە لە پسپۆرانی یاسایی و دەستووری نوێنەرانی سەرجەم حزب و نەتەوەو ئاینەکانی کوردستانی لەخۆی گرتووە، کاتێك لەپەرلەمان ئەم لیژنەیە پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور، واتە پرۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٢ی خراوەتە بەردەست و ماوەی چەند ساڵێك کاری لەسەر کردووە و بە هەزاران پێشنیار و سەرنجی تاوتوێ کردووە، ئەوجا ئەم پرۆژەی دەستوورەی تەواوکردووە و پەرلەمان دەنگی لەسەر داوە، بۆیە لەو کۆبوونەوەیە زۆربەی زۆری ئەندامانی لیژنەکە، رایان بەوجۆرە بوو بەوەی پێویستە ئەم دەستوورە بچێتە راپرسی لەبەر ئەوەی لەدەسەڵاتی کەس نەماوە، ئەمەش بەو مانایەی هیچ پاکانەو پاساوێك نییە، لەرووی فیقهی و یاساییەوە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان))

کەواتە ئەو کۆبوونەوەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم لە پێناوی ئەوە بووە، کە سەرۆکی هەرێم بزانێت ئایا یاسا رێگە دەدات لەسەر داوای لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان یان نە؟، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵینەداوە دەروازەیەك بدۆزێتەوە بۆ

ئەوەی هەم یاسا پێشێل نەکرێت و هەمیش یەکڕیزی نێو ماڵی کورد بپارێزرێت؟ بێگومان ئەگەر بە وردی وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بخوێنینەوە دەبینین سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێناوی ئەوەی یەکڕیزی نێو ماڵی کورد بپارێزرێت، پێش ئەوەی لایەنی یاسایی پرۆژەی دەستوور بۆ جەماوەر بخاتەڕوو، نامەی بۆ حزبە سیاسیەکان ناردووە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە پارێزگاری بە یاساوە بکەین و هەموو پێکەوە لەسەر هەمواركردنەوەی دەستوور بسازێین بە سازانێکی نیشتمانی، بەدەق لە پەیامەکەی سەرۆکدا هاتوو: ((نامەیەکم بۆ حزبەکان ناردووە و داوام لێکردوون لەماوەی یەك هەفتەدا تێبینی و پێشنیارەکانیان لەسەر پرۆژەی دەستوور بنێرن بۆ ئەوەی دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ماوەیەکی کورتدا کار بۆ هەمواركردنی دەستوور بکرێت، وێڕای هەموو ئەو ڕاستیانەش، چونکە لەکاتی داڕشتنی ئەو پرۆژەیە ٣٦ حزبی کوردستانی بە ئیجماع قبوڵیان کردووە و ئیمزایان لەسەر کرد، ئێستاش من دەڵێم هەر پێشنیارێك لەسەر ئیجماعی پێشوویێت، پێویستە بە هەمان شێوە ئیجماعی هەموو حزبەکانی ئێستای لەسەر بێت)). بێگومان ئەم پەرەگرافەی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرایە، کە لەکاتی داڕشتنی پرۆژەی دەستوور تەنیا حزبی گۆڕان بوونی نەبووە و بەشێك بووە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام بۆ ئەوەی یەکڕیزی نێوماڵی کورد بپارێزرێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووبارە داوای کردۆتەوە کە هەموو حزبەکان بە حزبی گۆڕانیشەوە سەرنج و تێبینیەکانیان بنێرنەوە، بۆ ئەوەی دوای ڕاپرسی لەسەر دەستوور، لەسەر ئیجماعی هەموو لایەنەکان جارێکی دیکە دەستوور هەموار بکرێتەوە، ئەوەشی لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە کە لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا تایبەتمەندیەك هەیە کە هیچ وادەیەکی بۆ هەمواركردن دیاری نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر مەسەلەکە ڕاگرتنی دەستوورەکە نەبێت ئەوا دەرگا لەبەردەم سازانی نیشتمانی و هەمواركردنەوەی دەستوور دانەخراوە و بەپێچەوانەوە سەرۆکی هەرێم بە دەستی خۆی ئەو دەرگایەی زیاتر واڵاکردەوە. کەواتە کاتێك سەرۆکی هەرێم هەوڵیداوە دەروازەیەك بۆ ئەم بارە بدۆزێتەوە، مەسەلەکە ئەوەیە پسپۆڕان و یاساناسان پێیانوایە لەڕووی فیقهی دەستوورییەوە، وتووێژی لایەنە سیاسیەکان لەم قۆناخە یاسا ڕێگە نادات بێتە ناو پرۆسەی پرۆژەی دەستوورەوە، بەڵام دەکرێت لەدەرەوەی پرۆژەی دەستوور وتووێژبکرێت، ڕێککەوتن لەنێوان لایەنە سیاسیەکان هەبێت وەك دیکۆمێنتێك لەسەر چۆنییەتی هەڵسوڕانی حکومڕانی لە وڵاتدا، لەمەش گرنگتر سەبارەت بەو ڕەخنەیەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کە دەڵێن سیستمەکە پەرلەمانی نییە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی یاساناسان و دەستووردانەران سەبارەت بەم پرسە جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، سروشتی سیستمی سیاسی بە هەیکەلی سیستمە سیاسیەکە دەگۆڕێت نەك بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك لەلایەن گەلەوە، بۆیە ئەگەر سەیری هەیکەلی سیستمی نەمسا و ئەڵمانیا بکەین، دەبینین لە ئەڵمانیا سەرۆك لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت لە نەمسا لەلایەن خەڵکەوە، بەڵام لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستانیش بکەین، دەبینین دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم زۆر جیاوازە لە دەسەڵاتی سەرۆکی فەرەنسا، بۆیە دەبینین دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی سەرۆکێکی پەرلەمانییە، نەك نیمچە سەرۆکایەتی و نیمچە پەرلەمانی کە لە فەرەنسا پەیڕە و دەکرێت، بۆیە ئەو پسپۆرە یاسایی و دەستووریانەی بۆ ئەم پرسە وتووێژمان لەگەڵ کردوون، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە سیستمی حکومڕانی کوردستان پەرلەمانییە و، باشترە ئەم پرسە بۆ یاساناسان بە جێبهێڵدرێت نەك حزبە سیاسیەکان بەپێی بەرژەوەندی حزبی خۆیان قسەی لەسەر بکەن.


لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو مشتومڕ و کێشمە کێشە سیاسیەی ئێستا لەسەر پرسی گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان هەیە، ئایا هۆکاری سیاسیی ڕێگە نادات یان ئەوە هۆکاری یاساییە ڕێگرە دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (پێش هەموو شت پرۆژەی دانانی دەستوور کاری پەرلەمان نییە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەستوور دانانێت، بەڵکو یاسا دەردەکات، بۆیە لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا دەستوور چۆن دادەنرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین هەتا ئەگەر پەرلەمان خۆشی هەستێت بەدانانی دەستوور، ئەوا ئەم کارە لەدەرەوەی کاری پەرلەمانی دەکات و دەبێتە دەسەڵاتێك بۆ دانانی دەستوور، ئەمەش واتە دانانی دەستوور نابێتە دەسەڵاتێك بۆ پەرلەمان، بەڵکو پەرلەمان دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێك بۆ دانانی دەستوور، ئەمەش بە سیفەتی دەسەڵاتی دامەزرێنەری دەستوور، لەوانەیە بپرسن بۆ دانانی دەستوور کاری پەرلەمان نییە؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین لەبەر ئەوەی کاری پەرلەمان تەشریعی

**راستە ململانێ و مشتومڕ لەسەر دەستوور هەیە، بەڵام ئەم مشتومڕ و ململانێیە بۆ ئەوە نییە ئاستی پیرۆزی دەستوور بهێنیتە خوارەوە، بەڵکو بەو جۆرەیە مشتومڕ و ململانێ دەکرێت بۆ ئەوەی ئاستی پیرۆزی دەستوور بپارێزرێت**



**پرۆفیسۆر ئەیمەن سەلامە:**

**ناکرێت جارێکی دیکە دەستوور(دەستووری هەرێمی کوردستان) بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، لەکاتێکدا پێشتر قسەی لەسەر کرابێت و هەروەها لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی دەستوورەکە هاودژ نییە لەگەڵ پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوا ناکرێت بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، تەنیا لەیەک حاڵەتدا دەکرێت دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەو حاڵەتەش ئەوەیە کە لەدەستوورەکە ئەو مافانە نەچەسپێنرابن کە لە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، بۆیە یاسا ناوخۆییەکان کاتی دیاریکراو بۆ راپرسیەکە دیاری دەکەن بۆ ئەوەی دوای ئەوە گەل خاوەنی دەنگی راستەقینەی خۆی بێت و دەبێت لەلایەن هەموانیشەوە گوێی بۆ بگیرێت.**



**پرۆفیسۆر ئیبراهیم دەرویش:**

**نابێت دەستووری هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکرێتەوە، پاش ئەوەی بەزۆرینەی رەها لە پەرلەمان پەسەندکراوە، ئەمەش مانای رێگرتن لە مافی گەلە کە رای خۆی سەبارەت بەو دەستوورە دەرببڕێت، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەمە دەبێتە دژی بنەما یاساییەکان وەک قاعیدەیەکی گشتی.**



یاسایە، دەستووریش دادەنرێت و تەشریع ناکرێت، بۆیە هەتا ئەگەر پەرلەمان ئەو دەستوورە دابنێت، ئەوا بە سیفەتی دەسەڵاتی دامەزرێنەر ئەو کارە دەکات نەك بە سیفەتی پەرلەمان، شێوازێکی دیکە بۆ دانانی دەستوور بە رێگەی پێکهێنانی لیژنەیەك دەبێت کە ئەرکی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری پێدەسپێردرێت، ئەم لیژنەیەش دەسەڵاتی دامەزرێنەری دەبێت و پێی دەگوترێت لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور، واتە دەستوورەکە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، کێ ئەم دەستوورە پەسەند دەکات بێگومان لە راپرسیدا میللەت پەسەندی دەکات، بەڵام میکانیزمی ناردنی ئەم پرۆژە ئامادەکراوە بۆ پەسەندکردن لەلایەن میللەتەوە بەو جۆرەیە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان ئەو لیژنەیەی پێکهێناوە، ئەوا ئەو لیژنەیە کە کارەکانی تەواو کرد دەیداتەوە پەرلەمان، دەنگدانی پەرلەمان بەپێی یاسا لەسەر رەشنووسی دەستوور بۆ ئەوەیە بینێرێت بۆ ئەوەی خەڵك تەسدیقی بکات، بۆ ئەوەی مەسەلەکە زیاتر روون بکەینەوە، راستە پرۆژەی دەستوور وەك یاسا لە پەرلەمان دەردەچێت و بە پرانسیپی معیاری ئەو پرۆژەیە یاساییە، بەڵام جیاوازی ئەم پرۆژەیە وەك یاسا لە یاساکانی دیکە ئەوەیە، دوای دەرچوونی لەپەرلەمان راستەوخۆ جێ بەجێ ناکرێت، بەڵکو پێویستە میللەت دەنگی لەسەر بدات بۆ ئەوەی دەستوورەکە پەسەند بکرێت و دوای پەسەندکردنی جێبەجێ بکرێت، ئەم لیژنەیەی بۆ پێداچوونەوەی دەستووری هەرێم پێکهێنراوە، تەنیا لایەنی دەستووریەکەی پرۆسەکە هەڵدەسەنگێنێت، رەهەندی سیاسی ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بەم لیژنەیەوە نییە، هەربۆیە رەهەندە سیاسیەکان پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەکانەوە هەیە، ئەوان دەتوانن لەدەرەوەی ئەم پرۆژەیە پێکەوە دیالۆگ بکەن و بگەنە رێککەوتنێك،



هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە زۆربەی زۆری بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لەرووی فیقهی دەستووریی و ئەزموونە جیهانییەكانەوە ئەوەبوو كە پێویستە ئەو دەستوورە بدرێتە میللەت و میللەت رای خۆی لەسەر بدات. لەبەر ئەوەی پرۆسێسێكی دەستوورییە و هەموو هەنگاوەكانی خۆی بڕیوەو دوایین هەنگاوی ماوە ئەویش ئەوەیە میللەت رای خۆی لەسەر بدات، بۆیە لێرەدا ناكرێت هیچ موناقەشەیەكی لەرووی یاساییەوە لەسەر بكرێت لەبەر ئەوەی هیچ پاساوێك نییە، پێشتر پێش ئەوەی بگاتە ئەم قۆناخە سەرۆكی هەرێمی كوردستان چەندین جار تێبینی گرنگی خۆی ئاڕاستەی لیژنەكە كردووە، هەر بۆ نموونە مەسەلەی پێگەی ئایینی ئیسلام هەبوو لە دەستوور، مافی كەمینەكان لە دەستووردا، ئەگەر سەیر بكەین لەماددەی ٣٥ كە دەستوور گەرەنتی مافی نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان دەكات و بەدەق هاتووە: (ئەم دەستوورە مافی نەتەوەیی و رۆشنبیری و كارگێڕی دەستەبەر دەكات، بۆ توركمان و عەرەب و كلدان سریان ئاشوری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنومیشەوە بۆ هەر پێكهاتەیەك كە لە هەر شوێنێك زۆرینەی دانیشتووانی هەبێت)، هەروەها لەماددەی ٦ بەمجۆرە پێگەی ئایینی ئیسلام و ئاینەكانی دیكەی دیاری كردووە و بەدەق بەمجۆرە هاتووە: (ئەم دەستوورە دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی هەرێمی كوردستان و رێزی لێدەگرێت، و دان بە تەواوی مافە ئایینییەكانی مەسیحی و ئێزدییەكان و ئەوانی دیكە دادەنێ و سەربەستی بیروباوەڕ و بەڕێوەبردنی رێوڕەسم و داب و نەریتی ئایینی لە هەرێمدا بۆ هەموو كەسێك دابین دەكات و بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەكی سەرەكی یاسادانانن و نابێ:
یەكەم: یاسایەك دابنرێت ناكۆك بێت لەگەڵ حوكمە نەگۆڕەكانی ئیسلام
دووەم: یاسایەك دابنرێت ناكۆك بێت لەگەڵ بنەماكانی دیموكراتی
سێهەم :یاسایەك دابنرێت ناكۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.))
لەم دوو ماددەیەدا ئەوە سەرنج و تێبینی سەرۆكی هەرێم بووە كە پێگەی ئایینی ئیسلامی بەو جۆرە لەدەستووردا چەسپاندووە كە سەرچاوەیەكی سەرەكی یاسادانان بێت لە كوردستان، هەروەها پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە كەمینەكان ئەگەر داوا بكەن.))
كەواتە وەك یاساناسان لەرووی فیقهی دەستوورییەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەكەن، ئەو رەخنەیەی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی خستنە ریفراندۆمی دەستووری هەرێمی كوردستان دەیگرن، رەخنەیەكە هیچ بنەمایەكی یاسایی نییە، بەڵكو خودی ئەو رەخنەیە ئیشكالیەتی تێدایە، واتە ئەم رەخنەیە لەسەر زەمینەیەكی دەستووری سەرچاوەی نەگرتووە، ئەو پرۆفیسۆرانەی دەربارەی راپرسی لە فیقهی دەستووری قسەیان كردووە، ئەوان بەوجۆرە راپرسی دادەنێن بەوەی كارێكە كە سروشتێكی دیموكراتیانە دەداتە دەستوور، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستوور دەترسن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسە ئاشكرایە ئەوان لە راپرسیەكە دەترسن، لەبەر ئەوەی دەزانن میللەت ئەو دەستوورە پەسەند دەكات، كە میللەت پەسەندی كرد پاش ٣٠ رۆژ ئەو دەستوورە جێبەجێ دەكرێت، بۆیە ئەگەر ئەوان ئەم ترسەیان نییە، با مەسەلەكە بەجێبهێڵرێت بۆ میللەت، ئاكامەكەی هەرچیەك بێت قبوڵ دەكرێت، لەمەش گرنگتر لە دەستووری هەرێمی كوردستاندا، راپرسی رێگری لە هەمواركردن ناكات، لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە هیچ ماوەیەكی دانەناوە بەوەی نابێت هەموار بكرێت.

**رەهەندە سیاسیەكان پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەكانەوە هەیە، ئەوان دەتوانن لەدەرەوەی ئەم پرۆژەی دەستوورە پێكەوە دیالۆگ بكەن و بگەنە رێككەوتنێک، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە زۆربەی زۆری بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لەرووی فیقهی دەستووریی و ئەزموونە جیهانییەكانەوە ئەوەبوو كە پێویستە ئەو دەستوورە بدرێتە میللەت و میللەت رای خۆی لەسەر بدات**

# فوقەهای دەستووریی سەبارەت بە دەستووری هەرێم چی دەڵێن؟

**پرۆفیسۆر ابراهیم دەروێش و پرۆفیسۆر ئەیمەن سەلامە:**

## نابێت دەستووری هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی پێچەوانەی بنەما یاساییەکانە وەک قاعیدەیەکی گشتی

بۆ ئەم هەفتەیە و سەبارەت بەو کێشمەکێشەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێم دروستیان کردووە، گوڵان زۆر شەفافانە ئەم مەسەلەیەی رووبەڕووی پرۆفیسۆرەکانی یاسای دەستووری و یاسایی نێودەوڵەتی لە زانکۆی قاهیرە کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پرسەمان بە پەیامنێرمان د. ئەسما ئەلحوسەینی سپارد، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە رووبەڕووی ئەو دوو پرۆفیسۆرە بکات کە لە نامەکەماندا دیاریمان کردبوون، ئەوانیش (ئیبراهیم دەروێش پرۆفیسۆری فقهی دەستووری) هەروەها (پرۆفیسۆر ئەیمەن سەلامە ئوستادی یاسای نێودەوڵەتی)، ئەمەش پرسیارەکەی گوڵانە:

((لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئیشکالیەتێکی دەستووریمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پەرلەمانی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٦ لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێم کە لەساڵی ٢٠٠٢ دانرابوو، ئەم لیژنەیە کارەکانی خۆی تەواوکردو پرۆژەی دەستوورەکەی پێشکەشی پەرلەمان کردوو پەرلەمانی هەرێمیش بە ٩٦ دەنگ بەرامبەر یەك دەنگ و ئامادەنەبوونی ١٤ پەرلەمانتار، کە دەکاتە کۆی ١١١ پەرلەمانتار، پرۆژەکەی پەسەند کردووە و رەوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانکردووە بۆ ئەوەی پەسەندی بکات و بینێرێت بۆ راپرسی دەستووری، بۆ ئەمەش رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دیاری کرا راپرسیەکە بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لەبەر هۆکاری تەکنیکی نەیتوانی راپرسیەکە لەکاتی دیارکراو نەکرا، بۆیە ئەم پرۆسەیە دواخراو هەتا ئێستا کاتی راپرسیەکە دیاری نەکراوە، لەم ماوەیەی دواییدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە دەستوور لە کاتێکی نزیکدا بدرێتە راپرسی، بەڵام حزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم ئێستا بۆچوونێکی دیکەیان هەیە و داوا دەکەن دەبێ دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ پێداچوونەوە و هەموارکردن، پرسیاری ئێمە لەسەر ئەو پرسە ئەوەیە: ئایا دەکرێت لە حاڵەتێکی لەمجۆرە دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟)) سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە پەیامنێرمان دوای ئەوەی ئەم پرسیارەی رووبەڕووی هەردوو بەڕێزان کردۆتەوە، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانیان داوەتەوە:

((فوقەهای دەستووریی و ئوستادەکانی یاسا لە میسر سەبارەت بە ئیشکالیەتی پرۆژەی دەستووری هەرێم، لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە: ((نابێت دەستووری هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکرێتەوە، پاش ئەوەی بەزۆرینەی رەها پەسەندکراوە، ئەمەش مانای رێگرتن لە مافی گەل کە رای خۆی سەبارەت بەو دەستوورە دەربڕێت، لەمبارەوە ئیبراهیم دەروێش کە پرۆفیسۆرە لە فقهی دەستووری گووتی: (لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەنگی لەسەر ئەو دەستوورە داوە، ئەوا دەبێت ئەو دەستوورە بخرێتە راپرسیەوە، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەمە دەبێتە دژی بنەما یاساییەکان وەك قاعیدەیەکی گشتی، بەڵام لە حاڵەتی تەوافوقی سیاسی لەسەر پرسێك کە پێچەوانەی ئەم قاعیدە گشتیەیە بەدەر دەکرێت).

هەر سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر ئەیمەن سەلامە ئوستادی یاسای نێودەوڵەتی لەزانکۆی قاهیرە وتی: (ناکرێت جارێکی دیکە دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان لەکاتێکدا پێشتر قسەی لەسەر کرابێت و هەروەها لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی دەستوورەکە هاودژ نییە لەگەڵ پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوا ناکرێت بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، تەنیا لەیەك حاڵەتدا دەکرێت دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان ئەو حاڵەتەش ئەوەیە کە لەدەستوورەکە ئەو مافانە نەچەسپێنرابن کە لە جاڕی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، بۆیە یاسا ناوخۆییەکان کاتی دیاریکراو بۆ راپرسیەکە دیاری دەکەن بۆ ئەوەی دوای ئەوە گەل خاوەنی دەنگی راستەقینەی خۆی دەبێت و دەبێت لەلایەن هەمووانیشەوە گوێی بۆ بگیرێت)).

# فقهاء دستوريون يتحدثون عن دستور اقليم كوردستان:

**الأستاذان ابراهيم درويش و ايمن سلامة:**

## لايجوز اعادة دستور اقليم كوردستان الى البرلمان لأن ذلك يتعارض مع الأسس القانونية كقاعدة عامة

وجهت مجلة «گولان» في عددها لهذا الأسبوع سؤالا حول مسألة الأستقطاب و التجاذبات القائمة من قبل المعارضة في اقليم كوردستان بشأن مشروع دستور الأقليم الى اساتذة قانوني الدستوري و الدولي في جامعة القاهرة، فقد قامت مراسلتنا د. اسماء الحسيني بتوجيه السؤال الى كل من الأستاذ ابراهيم درويش استاذ الفقه الدستوري و الأستاذ ايمن سلامة استاذ القانون الدولي، و السؤال هو:

((لدينا في اقليم كوردستان - العراق اشكالية دستورية تتمثل في ان برلمان الأقليم قد انتخب في ٢٠٠٦ لجنة خاصة لاعادة النظر في مشروع دستور الأقليم الذي وضع في سنة ٢٠٠٢ ، وان اللجنة انتهت اعمالها وقدمت مسودة الدستور الى البرلمان الذي صادق عليها بالاغلبية الساحقة (٩٦ عضوا صوت لصالحه ضد صوت واحد مع غياب ١٤عضو، هذا يعني ان عدد مقاعد برلمان الأقليم هو ١١١ مقعدا) ، وتم ارسال المسودة الى رئيس الاقليم للمصادقة عليها و احالتها الى الاستفتاء الدستوري، حيث تم تحديد يوم ٢٠٠٩/٧/٢٥ كموعد للاستفتاء، الا ان المفوضية المستقلة للانتخابات و لاسباب فنية اعتذرت عن اجراء الاستفتاء في الموعد المحدد، لذلك تم تأجيله ولم يحدد الموعد لحد الآن.

فقد قرر رئيس الاقليم احالة الدستور للاستفتاء في موعد قريب، لكن المعارضة السياسية في الأقليم لديها الان توجه اخر وهو: يجب اعادة الدستور الى البرلمان للمراجعة و التعديل، سؤالنا عن هذا الموضوع هو:

*هل يجوز اعادة الدستور الي البرلمان في هذه الحالة؟

وبعد طرح السؤال من قبل المراسلة فقد اجابا مشكورين عنه كالآتي:

**القاهرة – گولان:**

*أكد فقهاء دستوريون وأساتذة قانون مصريون فى تصريحات لـ«گولان» أنه لايجوز اعادة دستور إقليم كردستان الي البرلمان لإبداء الرأى فيه مرة أخرى، بعد أن صادق عليه سابقا بالاغلبية الساحقة ، لأن ذلك يعني حجب حق الشعب فى ابداء رأيه بالدستور.وقال الفقيه الدستورى الدكتور إبراهيم درويش إن الدستور يجب ان يطرح للإستفتاء طالما صوت عليه البرلمان ، وأنه فى حالة إعادته للبرلمان مرة أخرى فإن ذلك يتعارض مع الأسس القانونية كقاعدة عامة ، ويستثنى من ذلك حالات التوافق السياسى على أمر يخالف هذه القاعدة العامة .*

*ومن جانبه يرى الدكتور ايمن سلامة أستاذ القانون الدولي بجامعة القاهرة أنه لايجوز إعادة الدستور مرة أخرى للبرلمان طالما قال كلمته فيه سابقا، وطالما كان لايتعارض مع المواثيق الدولية لحقوق الإنسان، وأن الحالة الوحيدة التى يجوز فيها إعادة الدستور إلى البرلمان هو ألا يكون متضمنا الحقوق التى يكفلها العهد الدولى لحقوق الإنسان، مشيرا إلى أن القوانين والتشريعات الداخلية هى التى تحدد موعد الإستفتاء، ليكون بعدها الشعب هو صاحب الكلمة الحقيقية، التى يجب أن تكون مسموعة من قبل الجميع.*



**شێروان حەیدەری**

**((وەزیری داد و جێگری سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور)) بۆ گوڵان:**

# لە ئێستادا تەنیا گەلی کوردستان خاوەنی دەستوورە هەر ئەویش دەتوانێت پەسەندی بکات یان رەتیبکاتەوە

**دەستوور لوتکەی هەرەمی سیستمی یاساییە لە هەموو وڵاتێکدا و هەروەها چەمکێکی پیرۆزە لای هەر نەتەوەیەك، بۆیە وتووێژ و ململانێ لەسەر دەستوور دەبێت لە ئاستێکی هێندە بەرز بێت کە پیرۆزی دەستوور نەهێنێتە خوارەوە بە پێچەوانەوە دەبێت ئەو ململانێ و کێشمە کێشمە لە پێناوی پاراستنی پیرۆزی دەستووردا بێت، پرۆژەی دانانی دەستووریش کە دەستەی دامەزرێنەر یان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێت ئەو دەستوورە دابنێت، ئەوا دەستەی دامەزرێنەر بۆ دانانی دەستوور یان لیژنەی ئامادەکاری پرۆسەی دەستوور کە ئەرکی دانانی ئەم دەستوورەی پێدەسپێردرێت لەسەر بنەمای رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی تەواوی نەتەوەو ئایینەکان و بنەماکانی دیموکراتی ئەم دەستوورە دادەنێت، بۆیە هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەسەر پرۆژەی دەستوور موناقەشە دەکرێت، کەواتە دەستوور بۆ حزبێکی سیاسیی دیاریکراو یان گروپێك دانانرێت، هەتا حزبێك یان گروپێکی دیاریکرا و بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆی سووکایەتی بە پیرۆزی دەستوور بکات، لەمەش گرنگتر دوای ئەوەی پرۆژەی دەستوور دەبێتە یاسا و دەنێردرێت بۆ راپرسی، ئەوا ئیدی ئەو پرسە لەو قۆناخە دەردەچێت لە روانگەی ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەبێتە ئەرکی فوقەهای دەستووری و یاساناسان بۆ ئەوەی لەسەر پرۆژەکە قسە بکەن و بڕیار بدەن، سیاسیەکان تەنیا دەتوانن لە دەرەوەی پەرلەمان و لەدەرەوەی پرۆژەی دەستوورەکە موناقەشە بکەن و رێککەوتنی سیاسیی لەناو خۆیاندا ئیمزا بکەن، بەداخەوە ئێستا لە کوردستان ئەم حاڵەتە پێچەوانە بۆتەوە و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن ئامادەنین گوێ لە یاساناسان بگرن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە سەردانی بەڕێز شێروان حەیدەری وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا و جێگری سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانمان کردو، بەمجۆرە پرسی پرۆسەی دەستوورمان لەگەڵ تاوتو کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئێستا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆتە پرسێکی گەرم لە نێوەندی سیاسیی کوردستاندا، لەسەر دوو ئاستی جیاواز قسەی لەسەر دەکرێت، یەکەمیان یاسایی واتە لە رووی فیقهی یاساییەوە، دووەمیان سیاسیی لەرووی ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکانەوە، ئایا کێشەی دەستوور لەسەر پرانسیپی یاسایی یەکلایی دەکرێتەوە، یان دەکرێتە کاڵایەك بۆ موزایەداتی حزبە سیاسیەکان؟**

- دیارە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا زۆر مشتومڕی لەسەرە و لە ناوەندی میدیاکانیشەوە و لە گۆڕەپانی کوردستانیش بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، من بەدڵنیاییەوە سەبارەت بەم پرسە بۆچوونی خۆم دەخەمە روو لەبەر ئەوەی لەم پرۆژەیەدا بەشداربووم، هەر لە ٢٠٠٢-٢٠٠٩، ئەم پرۆژەیە هەموو قۆناغە یاساییەکانی بڕیوە بەمجۆرە، لە قۆناخی یەکەمدا ئەم پرۆژەیە لەلایەن لیژنەیەکەوە داڕێژراوە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردراوە، هەموو پێکهاتەکانی گۆڕەپانی کوردستان ئەوانەی لە پەرلەمان بوونە تێیدا بەشداربوونە، دوای تەواوبوونی قۆناغی ئامادەکاری کە قۆناغی یەکەم بوو لەلایەن لیژنەی پێداچوونەوە، دواتر پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا کە قۆناغی دووەم بوو بۆ پەسندکردنی، لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ خرایە بەردەم پەرلەمان بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی پێداچوونەوەی دەستوور، دوای ئەوەی ئەم پرۆژەیە خوێنرایەوە لە پەرلەمان وەکو یەك پاکێج دەنگی لەسەردرا بەبێ ئەوەی پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت موناقەشەی ماددە ماددەی ئەو پرۆژەیە بکات، لەبەر ئەوەی ئامادەکاریی دەستوور لە هەموو وڵاتاندا بەم شێوەیە تێدەپەڕێت، ئەوە بوو لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ ئەم دەستوورە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسندکرا، تاکو بچێتە قۆناغی سێیەم کە قۆناغی راپرسی و پەسندکردنیەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، سەرۆکی هەرێمیش ئەو پرۆژەیەی پەسندکردووەو دەستوورەکەش ئێستا لەڕووی یاساییەوە هەموو قۆناغەکانی بڕیوە، ئێستاش ئەو پرۆژەیە کەوتۆتە ئەو قۆناغەی کە گەلی کوردستان رای لەسەر بدەن بە (بەڵێ) یان بە(نەخێر) و چارەنووسی ئەم دەستوورە یەکلابکەنەوە، هەروەها لەڕووی یاساییەوە ناکرێ ئەم دەستوورە بگەڕێتەوە پەرلەمان لەبەر ئەوەی هیچ ماددەیەك یان بڕگەیەکی یاسایی نییە رێگە بەمە بدات، بە پێچەوانەوە مانعی یاسایی هەیە کە ئەم دەستوورە بگەڕێتەوە پەرلەمان، هەروەها (٣٦) حزبی کوردستانی ئەم دەستوورەیان پەسند کردووە بەبێ ئەوەی هیچ گلەیی و رەخنەیەکیان لەسەری هەبێت، جگە لەوەش لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور نوێنەری سەرجەم ئەو لایەنانەی تێدا بوو کە لە پەرلەمان بوون، ئەوانیش دیارە کێ بوون، سێ ئەندام پەرلەمانی پارتی و سێ ئەندام پەرلەمانی یەکێتی و ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامێکی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامێکی برا یەزیدییەکان و ئەندامێکی مەسیحییەکان و ئەندامێکی برا تورکمانەکانی تێدابوو، کەواتە پێکهاتەی ناو لیژنەی دەستووریش هەمەڕەنگ بووە، راستە لە کاتی گفتوگۆدا هەندێ جیاوازیی بیروڕا هەبوو لەنێوان ئەندامانی لیژنەی دەستوور لەسەر ماددە(٢)ی دەستووری عێراق کە ئێستا دەکاتە ماددە(٦) پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان،

**ئەوانەی بەو شێوەیە تێی دەگەن کە ئەگەر سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا ئەوە سیستەمی پەرلەمانییە و ئەگەریش لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێردرا ئەوە سیستەمی سەرۆکایەتییە، ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە**

**لەڕووی یاساییەوە ناکرێ ئەم دەستوورە بگەڕێتەوە پەرلەمان لەبەر ئەوەی هیچ ماددەیەک یان بڕگەیەکی یاسایی نییە ڕێگە بەمە بدات، بە پێچەوانەوە مانعی یاسایی هەیە کە ئەم دەستوورە بگەڕێتەوە پەرلەمان**

**ماددە ١ی دەستووری هەرێمی کوردستان هیچ تەفسیرێکی پێ ناوێ، هەرکەسێک بیخوێنێتەوە شتێکی سادەو ساکارە، بەداخەوە ئەوەی دەیبینین کە ئەم دەستوورە دەبێتە ئامرازێک بۆ ململانێ و موزایەدەی سیاسی کە حەق نییە دەستوور بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

بەڵام ئەویش یەکلاکرایەوە، کە پێشکەش پەرلەمان کرابوو کۆدەنگییەکی تەواوی لەسەربوو، ئەو کۆدەنگییەی ئەو سەردەمە واتای سازانی نیشتمانیە کە ئێمە لە ئامادەکردنی ئەو دەستوورە پیادەمان کردووە، کەواتە ئەو دەستوورەی ئێستا سازانی نیشتمانی لەسەرکراوە و هەموو قۆناغەکانی بڕیوەو ئێستا گەلی کوردستان دەبێ ئەو بڕیارەبدەن کە دەستوورێکی باشە یان نا، کەس ناتوانێت بە نوێنەرایەتی ئەوان و لە جیاتی ئەوان بەم کارە هەڵبستێت.

*** دیارە لە زۆربەی دەستوورەکانی وڵاتانی جیهاندا، دوای پەسەندکردنی لەلایەن گەلەوە ماوەیەك دیاری دەکرێت بۆ نموونە ٥-١٠ ساڵ کە نابێت ئەو دەستوورە هەموار بکرێت، بەڵام لە پڕۆژەی دەستووری کوردستان هیچ ماوەیەك دیاری نەکراوە، ئەمەش واتە دوای راپرسی راستەوخۆ دەتوانرێت داوا بکرێت دەستوورەکە هەموار بکرێت، ئایا بۆچی ئەم کێشەمە کێشە هەر بەردەوامەو تەوافوقێکی سیاسی دروست نابێت؟**

- لە دەستووری زۆربەی وڵاتان ئەو خاڵە هەیە، لە هەندێکیش نییە، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا ئەو خاڵە نییە، بۆیە دوای پەسندکردنی هیچ ڕێگرێکی یاسایی و دەستووری نییە کە ئەم دەستوورە هەموارنەکرێتەوە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، هەمواركردنی دەستوور کارێکی ئاساییە، هەر بۆ نموونە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧ لە کۆنگرەی فیلادلفیا ئیقرارکرا، لە ساڵی ١٧٨٩دەستوورەکە کەوتە بواری جێبەجێکردن، لە ساڵی ١٧٩١ دە جار هەموارکراوەتەوە، لەو کاتەوە تاکو ئێستا ١٧جار هەموارکراوەتەوە، واتا دەستوورێکی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا تاکو ئێستا ٢٧ جار هەموارکراوەتەوە، دەستووری ئەڵمانیا لە دوای ساڵی ١٩٤٩ تاکو ئێستا بە شێوەی بەش بەش ٤٦ جار هەموارکراوەتەوە، دەستووری فەرەنسا تاکو ئێستا ١٤ جار هەموارکراوەتەوە، لە هیندستان لە ١٩٤٩ دەستوور دانراوەو تاکو ١٩٩٥ئەم دەستوورە ٧٨ جار هەمواری جزئی بەسەردا هاتووە، دەستووری ئوستراليا لە ساڵی ١٩٠١ ئیقرارکراوەو لەماوەی یەك سەدەدا ٤٢ جار هەموارکراوەتەوە، بۆیە سەبارەت بە دەستووری هەرێمی کوردستان زۆر ئاساییە دوای راپرسی هەمواربکرێتەوە.

*** لە ماددەی یەکەمی دەستووری هەرێمی کوردستان، سیستمی حکومڕانی بە (پەرلەمانی) وەسف کراوە، کەچی ڕۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەبێت دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و سیستمی حکومڕانی بکرێتەوە بە پەرلەمانی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەستوورەکە پەرلەمانی نییە، یان بانگێشەی حزبە سیاسیەکان تێنەگەیشتنە لەماددەکانی دەستوورەکە؟**

- ئەگەر لە ماددە ١ی ئەم دەستوورە دەست پێ بکەین دەبینین ئەم ماددەیە دەڵێت: (کوردستانی عێراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عێراقی فیدرالدا، سیستەمە سیاسییەکەی پەرلەمانی کۆماری دیموکراتییە و پشت بە فرەلایەنی سیاسی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەست کردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی راستەوخۆ و نهێنی و دەورییەوە دەبەستێ )ئەم دەقە هیچ تەفسیرێکی پێ ناوێ، هەرکەسێك بیخوێنێتەوە شتێکی سادەو ساکارە، بەداخەوە ئەوەی دەیبینین کە ئەم دەستوورە دەبێتە ئامرازێك بۆ ململانێ و موزایەدەی سیاسی کە حەق نییە دەستوور بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بەو برادەرانە بڵێم، با نموونەیەکمان بۆ بێننەوە، دەستوور پێش ریفراندۆم گەڕابێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە.

*** کەواتە تاچەند گەڕانەوەی دەستوور وەك حزبە سیاسیەکان داوای دەکەن بە پێشێلکردنی یاسا دادەنرێت؟**

- گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان لە دەسەڵاتی کەس نییە، ئەوەی حەکەمە لەم ناوەندەدا گەلی کوردستانە کە ئەم دەستوورە بە باش دەزانێ یان نا، بۆیە لەڕووی یاساییەوە هیچ لایەنێك بۆی نییە دەستوور بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەم دەستوورە لەلایەن لیژنەیەکی ئامادەکارییەوە داڕێژراوە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردراوە و دەنگی بۆداوە، کەواتە ئەم دەستوورە قۆناغە یاساییەکانی بڕیوەو هەر شتێك بکرێت بە پێچەوانەی ڕێکارە یاساییەکان ئەمە دژی پرەنسیبەکانی دەستوورە و دژی هەموو ڕێساکانی نێودەوڵەتییە. ئەم دەستوورە ناکۆك نییە لەگەڵ دەستووری عێراق هەروەها ماف و ئازادییەکانی تاکە کەسی و ژن و منداڵ و مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا دەستەبەرکراوە، ئەم دەستوورە پشت دەبەستێ بە پرەنسیبەکانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی چ بە نیسبەت مافی مەدەنی و سیاسی و یان مافی رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

*** ئەم پرۆژەی دەستوورە بەپێی پرانسیپی معیاری یاسایە، ئایا پەرلەمان دەتوانێت یاسا دەربکات و پاشان بیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟**

- من ٢٠ ساڵ لە پەرلەمان بووم، ئەم پەرلەمانە بەسەدان یاسا و بە سەدان بڕیاری دەرکردووە، لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵە پەرلەمان نەیتوانیوە یەك یاسا بگەڕێنێتەوە کە یاسایەکی ئاساییە، باشە چۆن پەرلەمان دەتوانێت دەستوورێك کە قۆناغی ئامادەکاری تەواوکردبێت و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرابێت، دواتر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسندکرابێت، چووبێتە قۆناغی راپرسییەوە

چۆن دەتوانێت ئەم پرۆژەیە بگەڕێنێتەوە، بەداخەوە هەندێ یاساناس دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و دەڵێن قەیدی چییە هەمواری مادده ١٦دەکەین لە یاسای ٢٠٠٨ دوو بڕگەی زیاد دەکەین و دەستوورەکە دەگەڕێنینەوە، من بەوانە دەڵێم ئەوانە زۆر بە چاوێکی کەم تەماشای ئەم دەستوورە دەکەن، ئەم دەستوورە زۆر لەوە گەورەترە بەوجۆرە قسەی لەسەر بکرێت، ئەگەر ئەمە بکرێت مانای ئەوەیە ئەوانە دەیانەوێت بە یاسایەك ماف لە گەلی خۆیان وەربگرنەوە و لێیان زەوت بکەن، ئەمە هەم پێچەوانەی دەستووری عێراقییە و هەمیش پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە خۆیان دەنگیان پێداوەو هەمیش زەوتکردنی مافی میللەتە.

*** ئێستا ئیدعای ئەوە دەکرێت کە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەو دەستوورەی بەدڵ نییە، ئەگەر ئەمە راستە بۆ دەترسن بخرێتە راپرسیەوە، ئایا دەکرێت بۆ مەرامی سیاسیی ئەم مافە لە گەلی کوردستان زەوت بکرێت؟**

- هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت ئەو مافە لە گەل زەوت بکات، چونکە زەوتکردنی دژی دەستووری عێراقی فیدراڵە و هەمیش دژی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، دژی عورفی پەرلەمان و بنەما نێودەوڵەتییەکانە، خاڵێکی گرنگیش هەیە کە باسی لێوە دەکرێ زۆر گرنگە، دەڵێن ئێمە بۆیە دەمانەوێ دەستوور هەموار بکەین، لەبەر ئەوەی سیستەمەکە لە سیستەمی پەرلەمانییەوە دەکەینە سەرۆکایەتی، دەبێ سەرۆکیش لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ نەك لەلایەن گەلەوە، بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتە، راستییەك هەیە هەموو یاساناسێك دەیزانێت، بەڵام هەندێك خۆیان لێ نەزان دەکەن لەبەر مەرامی سیاسی و بەنادروستی بە جەماوەری خەڵکی کوردستانی رادەگەیەنن، جارێ ئەگەر هاتوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێردرا یاخود لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نییە بە سیستەمی سیاسی ئەو پەرلەمانە، چونکە جیاوازیی نێوان سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی سەرۆکایەتی خاڵی دیکەیە، ئەوانەی بەو شێوەیە تێی دەگەن کە ئەگەر سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا ئەوە سیستەمی پەرلەمانییە و ئەگەریش لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێردرا ئەوە سیستەمی سەرۆکایەتییە، ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە، من چەند نموونەیەکت دەدەمێ لە وڵاتانی دەرەوە کە سیستەمەکەی پەرلەمانییە بەڵام سەرۆکەکەی لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆ نموونە وڵاتی نەمسا، فنلەندا، بولگاریا، سەنگافورە، میسر، ئێرلەندا، سکۆتلەندا، زۆر وڵاتی دیکەش هەر بەم شێوەیە. بۆیە ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیەو کاریگەریی نابێت لەسەر سیستەمی ئەو وڵاتە، دێمە سەر جیاوازیی سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی سەرۆکایەتی، خاڵی یەکەم لە خەسڵەتەکانی سسیستەمی پەرلەمانی ئەوەیە کە سەرۆکی وڵات هەیەو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە، جا سەرۆکی ئەو وڵاتە چ سەرۆك کۆمار بێت یان حاکم یان پاشا یاخود سەرۆك هەرێم بێت، خاڵی دووەم کە ئەمە زۆر گرنگە، لە سیستەمی پەرلەمانیدا پەرلەمان دەتوانێت متمانە بدات بە حکومەت، لە هەمان کاتدا دەتوانێت متمانەی لێوەربگرێتەوە، دەشتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت بکات، پرسیاریش لە وەزیرەکان بکات، بەرامبەر ئەوەش حکومەت بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بکات، ئێستاش پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاساکانی ئەم حاڵەتە پیادە دەکات، هەڵوەشاندنەوەکەش لە حکومەت وەرگیراوەتەوەو دراوە بە خودی پەرلەمان کە دەتوانێ بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەکرێت، کە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، بێگومان راستە بە ژمارە زۆرن کە ٢٤ دەسەڵاتە، بەڵام وەرە دەسەڵاتەکان وردبکەوە، زۆربەی هەرە زۆریان دەسەڵاتی پرۆتۆکۆلین، تەشریفاتین، دەسەڵاتی رەمزین، هەندێك لە دەسەڵاتەکانیش دەبێت بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، هەندێکیش لە دەسەڵاتەکان دەبێت بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، کەواتە سەرۆکی هەرێم بەتەنیا هیچ دەسەڵاتێکی رەهای نییە.

*** سەرۆکی پێشووتری پەرلەمان بەڕێز عەدنان موفتی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گوڵان، ئاماژەی بەوەکرد لایەنە سیاسییەکان دەتوانن لە دەرەوەی پەرلەمان پرۆژەیەك ئامادەبکەن و تەوافوقی لەسەر بکەن و بیکەن بە پاشکۆی دەستوورەکە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەکرێت دەستوورەکە دەوڵەمەند بکرێت، بەڵام ناکرێت هەتا راپرسی لەسەر نەکرێت دەستکاری بکرێت، ئایا بەڕێزت تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەیت؟**

- من لەگەڵ بۆچوونەکانی کاك عەدنان موفتیم، لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە ئێستا موڵکی گەلی کوردستانەو موڵکی کەس نییە، دەبێ بچێتە راپرسییەوە، ئەمە خاڵی یەکەمە، خاڵی دووەم ئەوەی کاك عەدنان دەڵێت دەکرێت ئەو بڕگانەی کە ناکۆکیان لەسەرە بە تەوافوقی سیاسی، دوای راپرسی لەسەری رێکبکەون، هەموار بکرێتەوە کە زۆر سانایە بە دوو رێگە: یەکەمیان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتیش حەقیان هەیە، رێگەی دووەمیش سێیەکی ئەندامانی پەرلەمانیش ئەو مافەیان هەیە، دوای ئەوەش بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان هەروەکو ئەم پرۆژەیە پەسند دەکرێت ئەمیش بە هەمان شێوە دەچێتە راپرسییەوە.

**ئەو ٢٠ ساڵەی لە پەرلەمان بووم، پەرلەمان نەیتوانیوە یەک یاسا بگەڕێنێتەوە کە یاسایەکی ئاساییە، باشە چۆن پەرلەمان دەتوانێت دەستوورێک کە قۆناغی ئامادەکاری تەواوکردبێت و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرابێت، دواتر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسندکرابێت، چووبێتە قۆناغی راپرسییەوە چۆن دەتوانێت ئەم پرۆژەیە بگەڕێنێتەوە**

# ڕاگەیاندن و ژیانی مۆدێرن

## «پەروەردە و پاراستنی ناسنامە»



سەرۆ قادر

بەشی دووەم

سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا دەورێکی خراپی لەسەر دروستکردنی شەخسیەتدا هەیە. مەبەستم لە دروستکردنی تیپی شەخسیەت لە وڵاتە. ڕاگەیاندن وێڕای سیستەمەکانی دیکە هەمیشە دەورێکی خێرا دەگێڕێ، نموونەی ئیجابی زوو دەناسێنێ، کاریگەر دەبێت لە ڕەخنەگرتن لە تیپی کەسایەتییەکان جا کەسایەتی سیاسی، زانستی، ڕۆشنبیریی و تا دوایی.

سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا لە پێکەوە بەستنی ناوچەکانیشدا دەورێکی سلبی دەبینێ، چونکە تەنزیم نەکراوە. ئەو ڕاگەیاندنە جیهانییە کە دنیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەکارهێنانی لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستاش لەسەر ئاستی پارێزگا و ناوچە و شێوەزاری ماوەتەوە.

لە بواری گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا، کە مەبەست لەوە ئاشکرا کردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چالاك کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ژنان و پێکهاتە دینییەکان و بەشداریکردنە لە کارکردن، لەم پێکهاتانە هەمووی، سەرەنجام دروستکردنی کۆمەڵگایەکی چالاکە، تا هەموو وزە و توانایی عەقڵی کۆمەڵگا بکەوێتە یەك پرۆسە. ڕاگەیاندن لەو بوارەدا دەورێك دەبینێت بەڵام ئەو دەورە نییە کە بەرنامەی بۆدارێژرا بێت.

تا ئێستا لە پەروەردەی وڵاتدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەیاندا نییە لە کاری پەروەردەدا بەشدار ببن، بەڵام لە بەرنامەدا نەبوون بەو مانایە نییە کە حزوریان لە کاری پەروەردەدا نییە. حزور هەیە بەڵام حزورێکی هەڕەمەکییە. خودی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هیچ گرنگییەك بەو بوارە نادات.

ڕاگەیاندن دەکرێ پێ بە پێی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەشدار بێت لە گەیاندنی زانیاری و زانست بە قوتابیان، لە باخچەی ساوایانەوە بگرە تا دەگاتە زانکۆ. ئەوەش سەلبیاتەکانی دیارن. چەندە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا کەموکوڕی هەبێت زانیاری ناگاتە خەڵك یان ڕاگەیاندن بە دەوری خۆی هەڵناستێت کە ئەو پەیوەندییە ڕێکوپێکە لە بەینی پەروەردە و دایك و باوك و کۆمەڵگادا دروست بکات. هەر بۆیە ئەگەر لە پەروەردە و زانکۆدا کەموکوڕی هەبێت ئێمە لە ماڵ یان لەسەر کار نایزانین. ئەوەش دەبێ یەکێك لەو ئامانجانە بێت کە کاری لەسەر بکرێت.


لە ژیانی ئابووریدا ڕاگەیاندن تەنیا ڕیکلام دەکات، بەڵام هیچ دەورێکی ئیجابی نابینێ تا کۆمەڵگا یان ناوەندەکانی ئابووری بەیەکەوە ببستنەوە، بەیەکەوە بەستنەوەیەکی زانیاریی. ئێمە نازانین ئابووری وڵات چۆن بەڕێوە دەچێت، کەموکوڕییەکانی چین. لە قەیرانێکی گەورەی ئابووریداین باوەڕناکەم هیچ مەرکەزێکی ڕاگەیاندن دوو سەعاتی بۆ تەرخان بکات تا هاووڵاتی تێبگەیەنێ لە تەنگوچەڵەمەی ئابووریداین. بەشێکی زۆری دەنگوباسی سیاسی و گۆڕینەوەی زانیاری وڵاتانی مستەقر بە گۆڕینەوەی زانیاری ئابووریی بەڕێوە دەچێت، زۆر جار دەنگوباسی ئابووری دەبێتە دەنگوباسی سیاسی و هی سیاسیش دەبێتە کێشەی پەرلەمانی و دەبێتە موشکیلەی

گەورە تا حکومەت باش خۆی بەڕێوەببات. سیستەمی راگەیاندنی ئێمە لەو بوارەشدا غیابێکی زەقی هەیە.
راگەیاندنی ئێمە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیدا مونەزەم و زانا نییە. سیستەمەکە وا تەنزیم نەکراوە کە هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵایەتی کە پێویستیان بە راگەیاندنە، زانیاری خۆیانی لێ وەرگرن. بۆ نموونە هەموو ئەو کەموکوڕی و سەرکەوتنانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لە کاری راگەیاندندا بە زەحمەت دەیبینین، یان دەکرێتە پاشکۆی پاڵەپەستۆی سیاسی و بۆ هەندێ بەکار دێت، کە ئەویش ئەو پەیامە کۆمەڵایەتییە باشە ناگەیەنێ کە دەبێ راگەیاندن بۆ کۆمەڵگاکەی بیکات، یان ئەوەتا زیادەڕۆییەکی زۆری تێدا دەکات و دەبێتە مایەی گرفت.
هەڵبەت راگەیاندن تەنیا بریتیی نییە لە دەزگاکانی رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و سایتە ئەلیکترۆنیەکان، هەموومان لینکێکی گەورەمان لە رێگەی مۆبایل و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لەگەڵ هەموو ناوەندەکانی راگەیاندنی خۆمان و جیهان هەیە هەڵبەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. پرد هەیە، ئەو پردە وڵاتی ئێمە دروستی نەکردووە، بەرهەمی تەکنۆلۆژیای جیهانە، بەرهەمی بەجیهانیبوونە و دێتە ناو ژیانمان و لێشمان ناپرسێت. دەبوو سیستەمی راگەیاندنی ئێمە لەناو سیستەمی کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی ئەوتۆ تەنزیم ببوایە کە ئەو زانیاریانە بگوازێتەوە کە کۆمەڵگاکەی پێی دادەسەکنێ، توانای کۆمەڵگا کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت، توانای ژیانی سیاسی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی باش بەڕێوەبچێت. راگەیاندن دەبێ لەو بوارەدا نەك هەر حزور بەڵکو لایەنێك بێت. سیستەمێکی کاریگەر بێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان.
یەکێك لە کەموکوڕییەکانی حکومەت و سیستەمی بەڕێوەبردنی کوردستان لەماوەی بیست ساڵدا ئەوەیە کە لەو بوارەدا هیچ بیری نەکردۆتەوە. گرفتەکە تەنیا ئەوە نییە راگەیاندن لەدەستی حیزبەکاندایە، بەڵام خۆ سیستەمەکە هی حیزب نییە. بە پێچەوانەوە دەبێ حکومەت ئەو بواری فراوانی جیا لە رۆژنامە و تەلەفزیۆن، ئەو هەموو پردە ئەلیکترۆنییانە رۆژانە ژیانی شەخسی و ئیداری و سیاسی و کارکردن رێکبخەن. ژیان بەبێ راگەیاندن بەڕێوە ناچێت.
ئەگەر بمانەوێ بزانین لە هەولێر باران دەبارێ یان نا، دەتوانین لەسەر مۆبایلەکەمان، هیچ منەتمان بە حکومەتی نیشتمانی خۆمان نەبێت و لە پێگە جیهانییەکان وەریبگرین، بەڵام چونکە مەرکەزەکە لێرە نییە، درۆیەکی گچکەمان لەگەڵ دەکات و دەڵێ سبەی دەبارێ بەڵام سبەی نابارێ دوو سبەی دەبارێ! ئەگەر لە کوردستاندا تەنزیمێکی راگەیاندنی باش لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، ئەمانە هەمووی بە هاووڵاتی دەگات.
لە مەسەلەی تێکەڵبوونمان لەگەڵ جیهان، سیستەمی راگەیاندنی ئێمە هیچ بەرنامەیەکی داڕێژراوی نییە. بمانەوێ یان نا، ئێمە لەگەڵ دنیا تێکەڵ بووین بەڵام بە شێوەیەکی هەڕەمەکی. ئەو تێکەڵییە کار لە زمانمان دەکات، لە ئابووریمان کە هەر پاشکۆین و هیچ، کاریگەری لە قەناعەت و قییەم و ئەو تەسەورە دەکات کە دەبێ بۆ ژیان هەمانبێت. ئەمەشیان ئەگەر تەنزیم نەکرێت ئەوا ئێمە هەر تێکەڵ دەبین، بەڵام بە جۆرێك تێکەڵ دەبین کە تێیدا بزربین. ئەگەر تەنزیم بکرێ ئەوا دەبێ حکومەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی وڵات کاری کردبێت، بە سیستەمی راگەیاندنیشەوە تا ببێتە خزمەتگوزار بۆ گواستنەوەو گەیاندنی پەیام لە بوارە جیا جیاکانی ژیانی کۆمەڵگادا، ئینجا پەیوەندییەکە لەگەڵ دنیا تەنزیم بکات، تا بزانین لەڕووی زمانەوە تێکەڵ دەبین؟ چۆن تێکەڵ دەبین؟ چەند زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند دەکەین؟ لە رووی قیەم و بیر و باوەڕی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێین؟ چەند دەگۆڕێین؟ چ رەفز دەکەین چ وەردەگرین؟ ئەمە ئەرکی راگەیاندنە کە من پێموایە بە هیچ شێوەیەك هیچ کام لە ئێمە لە کوردستان هەست بەو ئەرکە لە راگەیاندنی کوردستاندا ناکەین.
دەمەوێ سەرنجتان رابکێشم: راگەیاندن ئەمەیە کە باسم کرد. کە دەڵێن راگەیاندنی کوردستان لاوازە بەڵێ لاوازە، کە دەڵێن دەور نابینێ، لەوەدایە دەور نابینێ. کە راگەیاندن نەبێتە سیستەمێك لە ژیانی وڵاتدا، لە بریدا تەنیا بریتی بێت لە قسەی ئەم و ئەو بەرپرس، ئەمڕۆ دەڵێن بەقووەتە سبەینێ کە ئەو دوو سێ کەسەی کە بە قووەتەوە قسە دەکەن پیر بوون، هەست بە بۆشایی دەکرێ و دەڵێن وەڵا راگەیاندنەکەمان لاواز بووە. کەچی ئەگەر راگەیاندن سیستەم بێت وەك هەر سیستەمێکی دیکە لاواز نابێت، چونکە خەڵکی خۆی پێدەگەیەنێ.
سیستەمی راگەیاندن تەنیا بریتیی نییە لە رۆژنامەنووس و پێشکەشکەری دەنگوباس و بەرنامە. بەڵێ ئەوانە کاریگەرن لە دروستکردنی رەئیدا، بەڵام راگەیاندن لەم زەمانەدا هەموو دانیشتوانی وڵات لەگەڵ خۆی تێکەڵ دەکات، ئەرکی گەیاندنی کاری رۆژنامەنووسی بەشێکی دەگوازرێتەوە بۆ هاووڵاتیان و وای لێدێت چۆن بە رێگادا رۆیشتن و مۆدیلی نوێ دەبێتە ئەرکی هاووڵاتی بۆ ژیانی رۆژانە، مامەڵەکردن لەگەڵ راگەیاندن و گێڕانی ئەرکی وەرگرتنی پەیام و کاریگەری کردن دەکاتە ئەرکی هاووڵاتی. بەو مانایە بەشێك لە کاری رۆژنامەنووسی دەبێتە سیفاتی فەردی باشی کەسایەتی مەقبول لە وڵاتی ئێمەدا، کە ئەوەمان نییە. دیوتانە هەرکەس هەوڵ بدات پەیجێکی هەبێت، لەو پەیجەوە بۆخۆی تەلەفزیۆنی هەیە ئەگەر بیەوێ رادیۆ و رۆژنامەشی هەیە و دەتوانێت هەموو قسەکانی خۆی بکات. کەواتە دەرفەتەکە یەکجار زۆر فراوانە لە دەستی هەمووان دایە، بەڵام تەنزیمەکە دەبێت تەنزیمێکی نیشتمانی و بەرنامە بۆداڕێژراوبێت.
راگەیاندن دەبێ وەك سیستەم تەماشا بکرێ و یەکێکە لەو سیستەمانەی کە لەم زەمانەدا کۆمەڵگا پێکدێنن و سیستەمێکی موتەداخیلە، هیچ کام لە بوارەکانی دیکەی ژیان باش بەڕێوەناچێت ئەگەر لینکێکی لەگەڵ راگەیاندن نەبێت. راگەیاندن زمانحاڵی کۆمەڵگا و وەسیلەی تەفاعل و تێکەڵ بوونی کۆمەڵگایە بەیەکەوەیە. زمانحاڵی کۆمەڵگا و وەسیلەی تەفاعل و تێکەڵبوونی کۆمەڵگایە لەگەڵ دەرەوە و دەروجیرانیش. باشترین تەعریف لەم زەمانەدا بۆ راگەیاندن ئەوەیە.

**سیستەمی راگەیاندن لە کوردستاندا لە پێکەوە بەستنی ناوچەکانیشدا دەورێکی سلبی دەبینێ، چونکە تەنزیم نەکراوە. ئەو راگەیاندنە جیهانییە کە دنیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەکارهێنانی لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستاش لەسەر ئاستی پارێزگا و ناوچە و شێوەزاری ماوەتەوە**

**سیستەمی راگەیاندنی ئێمە هیچ بەرنامەیەکی داڕێژراوی نییە. بمانەوێ یان نا، ئێمە لەگەڵ دنیا تێکەڵ بووین بەڵام بە شێوەیەکی هەڕەمەکی**

# بۆ سەقامگیریی عێراق.. هەرێمی کوردستان سەنگی مەحەکە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

قەیران و کێشەکانی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆز و مەترسیدارتر دەبن، ڕەوشی ناوخۆی حکومەتیش تا دێت لە سایەی بەڕێز مالکییەوەو دەست بەسەرداگرتنی زۆربەی پۆستەکانی ئەمنی و سەربازی و هەواڵگری بەشێوەیەکی راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ تێک دەچێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زۆربەی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان و دەستە سەربەخۆکان هەر لە دەستی خۆیدایە. سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیش ئەوا دیارە پشێوی و گرژییەکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت بە تایبەتیش لە ململانێی نێوان کوتلە پەرلەمانییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە کە هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکیان لێ بەدیناکرێت لەسەر کێشە چارەنووسساز و نیشتمانییەکان، لەپاڵ هەڵبەز و دابەزیی ڕەوشی ئابووری کە دیاردەی وەکو هەژاری و بێکاری بەدوادای خۆیدا هێنا.

لەو هەموو پاشەکشەو داڕووخانەی کە سەرجەم کایەکانی ژیانی عێراقییەکانی گرتۆتەوە لە پاڵ نەبوونی شارەزاو پسپۆری شیاو لە شوێنی شیاوی خۆیدا بوار بۆ مافیاو گەندەڵکاران ڕەخساوە تاکو بە ویست و مەرامی خۆیان بێنە نێو گۆڕەپانی ژیانی عێراقییەکان و شان بە شانی تیرۆریست و چەکداران کەوتوونەتە وێزەی هاووڵاتیانی سڤیل و لە سایەی ئەم بارودۆخەشدا ڕۆژانە بە دەیان کەس دەکوژرێن و سەقەت و کەمئەندام دەبن و زیانی ماددیی زۆریش بە سامان و کەلوپەل و خانووبەرەی هاووڵاتیان دەگات، ئەمە وێڕای تەنگ پێهەڵچنین بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی ئەم وڵاتە کە لەشێوەی پاکتاوکردن و کوشتنی نهێنیدا خۆی دەنوێنێت.

بۆیە ئەگەر حاڵی عێراق بەم شێوەیە مایەوە ئەوا زۆر بە سووک و ئاسانی کۆتایی پێنایەت و قوربانییەکی زۆری پێویستە، بەڵام هەروەك هەموو جارێك سەرنج لەوە دەدەین کاتێك ناخۆشی و تەنگەتاوی ڕوو لە بەرپرسانی عێراق دەکات یەکسەر پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دەبەن و لێرەوە بانگەشەی خەباتی خۆیان دەکەن! هاوکات گفتوگۆ لەسەر ڕێگەو شێوازەکانی چارەسەری کێشە نیشتمانییەکان دەکەن لەو ڕوانگەوە کە ئەوان کوردستان بە سەنگی مەحەکی پاراستنی سەقامگیریی و ئاسایشی عێراق دەزانن.

ئا لێرەوە دەبینین دوژمنانی عێراقی فیدراڵ ڕووی تیرەکانیان ئاراستەی ئەم دەڤەرە خۆڕاگرە دەکەن واتا کوردستان، جارێك بە قسەو لێدوان ڕاستییەکان دەشێوێنن و جارێکی دیکەش پەلاماری سەرکردەو بەرپرسەکانیان دەدەن و بەم شێوازو ڕەفتارانەیان گەرەکیانە ڕووی ڕاستەقینەو گەشەداری هەرێمی کوردستان لەکەداربکەن، بەڵام گەلی عێراق ڕاستییەکان چاك دەزانێت تەنانەت سەرکردەی خۆپیشاندانەکان و پەناگیرەکانیش چەندین مانگە داوای ئەوە دەکەن کە بێنە کوردستان و لێرە دەست بە گفتوگۆکردن بکەن بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان، چونکە ئەوان ئێرە بە شوێنی ئارامبەخش و سەقامگیر دەزانن، هەروەها ڕووبەری ئازادی لە کوردستان ئەوەندە فراوانە کە بیر بکەنەوە لە بەستنی کۆنگرەیەك لە شاری هەولێر و داواش بکەن کە کوردیش بەشدارییان بکات تاکو ئەم کۆنگرەیە ڕەنگی تایفەگەری و نەتەوەپەرستی وەرنەگرێت و فرەیی و بەیەکەوەژیانی ڕاستەقینەی تێدا ڕەنگ بداتەوە. دیارە دیموکراسییەتیش لە عێراقدا تەواو جێگیر نابێت ئەگەر ڕەهەندی فرەیی و ڕێزگرتنی هەموو ویستێکی تێدا ڕەچاو نەکرێت، بۆیە بەر لە هەموو

هەنگاوێك بەم ئاراستەیە پێویستە سیستەمی سیاسیی عێراق پێگەی کورد لەم هاوکێشەیەدا بە شانازییەوە دەست نیشان بکات، ئێستاش لەڕووی ئەمنییەوە ئەو بنەمایانە چین کە کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بە هاوبەشیی لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکانی عێراق پێویستە چالاکییەکانیان لەسەر بنیاد بنرێت؟ بە کورتی دەتوانین بڵێین کە لەم خاڵانەدا چڕدەبێتەوە:

- ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی و شێوازەکانی نەخشەدانانی بەرنامەکان.
- بەشداری پێکردنی کورد لە بەڕێوەبردنی دەزگا نیشتمانی و فیدرالییەکان.
- بەشداری پێکردنی هێزە کوردستانییەکان لە هەندێ ناوچەدا کە راستەوخۆ پێویستیان بە پشتگیریی هەیە، بۆ نموونە پارێزگای ئەنبار.
- بەشداریکردنی کاریگەرییانە لە پێکهاتەی هێزی پێکهێنراو لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، تادەگاتە بەرزترین پۆستی سەربازی لە نێو ئەو پێکهاتەیەدا.
- بەڕێکردنی دەوریەی هاوبەش و سووڕانەوە لەو ناوچانەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی کوردستاندا.

هەروەها دەتوانین بە کورتی باس لە بەشداریکردنی ناڕاستەوخۆ بکەین کە دەبێتە پاڵپشتێك بۆ دابین کردنی سەقامگیریی:

- پێکهێنانی ئەنجومەنگەلێکی نیشتمانی بۆ ئاسایش و نەوت و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان و پەروەردەو مافی مرۆڤ.
- دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدرالی و کاراکردنی رۆڵی ئەنجومەنەکە لە بواری کارکردن بۆ هێنانەکایەی بنیادێك بۆ پاراستنی فرە نەتەوەیی و ئایینی.
- کاراکردنی رۆڵی رۆشنبیریی تایبەت بە ئاسایش و رۆڵی میللی بەپشت بەستن بە شارەزایی کوردستانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هەوڵی پراکتیکیانەی فیدرالی.
- سوود وەرگرتن لە ژمارەو داتاکانی کوردستان تایبەت بە رێژەی هەژاری و بێکاری و کارکردن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دوو دیاردانە.

ئەم رێکارە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانە دەبنە هەنگاوێك بە ئاراستەی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتدا دوای ئەو بێسەروبەرییەی لە بواری ئەمنیدا سەری هەڵداوە، کە ئێستا دەکرێ بگوترێت عێراق لەسەر لێواری داڕووخان و لە ناوچووندایە کە رەنگە کارەساتی تراژیدی و مرۆیی بەدوای خۆیدا بهێنێت، پەرەسەندنی تیرۆرو تاوانەکانی کوشتن و لەناوبردن گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك بە شێوەیەك ئێستا ئەو تاوانانەی ئەنجام دەدرێن لە کوشتن و تەقاندنەوە کە رۆژانە بە دەیان کەس دەبنە قوربانی ئاماژەیەکی گەلێك مەترسیدارە و دەخرێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە کە عێراق پێشتر و بە درێژایی مێژووی خۆی لە سەردەمی رژێمی پێشوودا تۆماری کردووە، ئەم تاوانانە بەژمار نایەن، چونکە زنجیرەیەکی بەردەوامەو زۆر زەحمەتە هەروا بە ئاسانی کۆتاییان پێ بێت و گیانی مرۆڤی بێتاوانیش دەبێتە قوربانیی ئەو تاوانە دژە مرۆییانە، بۆیە لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئێستای عێراق ناتوانێت بەرەو ڕووی ئەو تاوانانە ببێتەوە، ئەمە پێویستی بە زاڵبوون هەیە بەسەر رەفتار و ئاستی بیرکردنەوەی خودی حوکمڕانانی ئەم وڵاتە، هەروەها چارەسەرییەکەی لەوەدایە کە دان بەوەدا بنرێت هەرێمی کوردستان سەنگی مەحەکە بۆ ئاسایش و سەقامگیریی رەوشەکە، قبوڵنەکردنی یەکدی بەشێوەیەك فراوان بووە کە گەیشتە ئەو رادەیەی کە پەلبکێشێت بۆ پاکتاوکردنی رەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی لە شارەکانی باشووری عێراق هەر لە سابئەی مەندائی تا دەگاتە کریستیان لە کلدان و ئاشووری و ئەرمەن، ئەوە وێڕای سەرهەڵدانی مەیلی شەڕخوازیی لەبەرامبەر گەڕەکە سوننەنشینەکان و شیعەنشینەکان لە رێگەی تاقمێکی چەکدار و میلیشیا کە ئیش و کاریان ئەنجامدانی تاوانی قێزەوەن و دوور لە هەستی نیشتمانپەروەرییە.

بەر لە پرسیاری جەوهەری ئەم بابەتە دەمەوێت روونی بکەمەوە کە ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی بەم دواییە چەندین شاری عێراقیان گرتەوە، هەوڵی زۆریان لە پشتە کە بە تایفی بکرێن، ئەویش لە میانی ئەو دروشم و گوتارانەی دەخوێنرێنەوە، هەرچەندە ئەوان بە ئاشتییانە ناوی دەبەن، بەڵام بینیمان چۆن لە حەویجە ئاراستەیەکی خوێناوی وەرگرت لەکاتێکدا زۆربەی داواکانیان شەرعی و رەوا بوون، باشە دەپرسین کێ ژیانی ئەو خۆپیشاندەرانە دەپارێزێت و بەدەم مافی ناڕەزایی دەربڕینی ئاشتیانەیانەوە دێت؟ ئایا ئەوانە هەر بەم شێوەیە لە گۆڕەپانەکانی پەناگیریدا بەجێدەهێڵرێن تا ببنە نێچیری دەستی ئەوانەی هەلی تایەفەگەری دەقۆزنەوەو پرسەکە بە لایەکی دیکەدا دەبەن؟ دواتریش دووچاری کوشتن و ئەشکەنجە دەبنەوە، بۆیە من پێموایە کێشەکە ئەوەنییە کە لە شوێنێکدا ئاسایش لاوازەو حکومەت توانای پارێزگاریکردنی نییە لە گیانی هاووڵاتیان، یاخود تاوانەکانی تەقینەوەو تیرۆر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە ئەویش رەگ و ریشەی لە ناخی بنیادی ئەم وڵاتە داکوتاوەو ریشەکێشکردنی ئەوەندە ئاسان نییە و تا بڵێی ئاڵۆزە چونکە پێویستی بەکۆدەنگیی نیشتمانی و نیازپاکی هەیە .

جا ئەگەر کێشەکە پەیوەست بێت بە بواری ئەمن و سەقامگیرییەوە، ئەوا چارەسەرەکە لە کوێدایە؟ خوێندنەوەیەکی خێرای رەوشەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێویستە حکومەتی فیدرال چاو بە میتۆدی دیموکراتیدا بخشێنێتەوەو کەلتووری بەیەکەوەژیانی دوور لە تایەفەگەری و رق و تۆڵەسەندنەوە بڵاوبکاتەوە، هاوکات رێز لە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی بگرێت و دان بە بەرامبەردا بنێت و کەس و لایەن پەراوێز نەخات، وازیش لە تاکڕەوی لە دەسەڵات و بڕیارەکان بهێنێت و سەنگەر لە بیروبۆچوونی پێچەوانە نەگرێت، پەنا بۆ ناوبژیوانی راستەقینە ببات دیارە ئەو ناوبژیوانەش تەنیا سەرکردایەتیی کوردستانییە، هەرێمی کوردستانیش سەنگی مەحەکی پاراستن و سەقامگیریی ئاساییشە، ئەو دەرئەنجامانەش دەیسەلمێنن کە رێگەی ئاشتی و تەبایی و پارێزگاریکردن لە سەرو ماڵی هاووڵاتیان تەنیا بە هەنگاوی دروستی دیالۆگ و لێکگەیشتن دێتەدی، بۆیە پشت بەستن بەو بیروبۆچوون و رێگەچارانەی کە سەرکردایەتیی کوردستان بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە دەیخاتەڕوو تاکە دەروازەیە بۆ بازدان بەسەر هەموو ئەو کێشانەی بەرۆکی عێراقییەکانی گرتووە.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا و توێژەری ئەکادیمی لە زانستە سیاسییەکاندا**

**هەموو جارێک سەرنج لەوە دەدەین کاتێک ناخۆشی و تەنگەتاوی روو لە بەرپرسانی عێراق دەکات یەکسەر پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دەبەن و لێرەوە بانگەشەی خەباتی خۆیان دەکەن**

**خوێندنەوەیەکی خێرای رەوشەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێویستە حکومەتی فیدرال چاو بە میتۆدی دیموکراتیدا بخشێنێتەوەو کەلتووری بەیەکەوەژیانی دوور لە تایەفەگەری و رق و تۆڵەسەندنەوە بڵاوبکاتەوە**



د.فالح عەبدولجەبار بیرمەندی عێراقی بۆ گوڵان:

# گرفتی سەرەکی عێراق لەوەدایە هەتا ئێستاش بیر لەحکومەتی مەرکەزی دەکرێتەوە و شەراکەت رەتدەکرێتەوە

## هەوڵدانی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەڕێی راپرسی و بە بڕیارێکی دیموکراتیانە، دابەش بوون و جیابوونەوە نییە

**ئێستا پرسیارە گرنگەکەی CNN بەرامبەر ئایندەی عێراق ئەوەیە، ئایا عێراق تەواو لەبەر یەك هەڵوەشاوە؟ (Is Iraq unraveling)، نەتەوە یەکگرتووەکان لەوەڵامی ئەم پرسیارە پێیوایە عێراق جڵەوی لەدەستداوە، لەهەمانکاتدا گۆڤاری فۆرین پولیسی راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکەی CNNی داوەتەوە و لە وتارێکیدا نووسیویەتی (بەڵێ عێراق لەبەر یەك هەڵوەشاوە)، کەواتە بارودۆخی عێراق لە ئێستادا ئەو بارودۆخەشی تێپەڕاندووە کە لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ئەمریکای ناچار کرد دووبارە بە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر عێراق بچنەوە و دواتریش ئەوەبوو هێزی زیاتریان نارد، بەڵام لە ئێستادا بەپێی رێکەوتنی (SOFA)، چیتر ئەمریکا ناتوانێت وەك ٢٠٠٦ -٢٠٠٧ کاریگەری لەسەر عێراق هەبێت، بۆیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم بارودۆخە عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟ بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ رۆشنبیر و بیرمەندی ناسراوی عێراق د.فالح عەبدولجبار سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** دوای رووخانی رژێمی بەعس، عێراقیەکان ئومێدیان ئەوەبوو لە عێراقێکی نوێدا ژیانێکی تازە دەست پێبکەنەوە، بەڵام ئێستا بارودۆخی عێراق گەیشتۆتە ئاستێك نازانرێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، ئایا تۆ هۆکاری ئەم بارودۆخە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- گرفتەکە هەمووی لەوێدا کۆدەبێتەوە کە خەڵکانێك بیر لە حکومەتی ناوەندی دەکەنەوە، ئەمەش تا ئاستێك راستیێتی تێدایە، بەڵام پێویستە لەسەر هێزەکانی دیکەش بەرپرسیارێتی بخەنە سەرشان، وڵاتێك بە قۆناغێکی راگوزاریدا تێدەپەڕێت، پێویستی بەوەیە خۆی رابهێنێت لەسەر دۆزینەوەی رێگەچارەی مامناوەند، بەڵام حکومەتی ناوەندی زۆر سەرسەختانە پابەندە بە بیروڕا تایبەتەکانی خۆیەوەو رۆژانە کێشەکان زیاتر دەکات، بۆیە کێشەکان لە هەڵاوسانی بەردەوامدان، جەمسەرەکانی تری ناو گرفتەکانیش کە رۆڵیان لە خستنەڕووی کێشەکاندایە، پێویستە ئەوانیش بەردەوام لە هەوڵدابن و پێشنیاز بۆ حکومەتی ناوەندیش بکەن تا حکومەت گوێڕادێرێت بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندیدارن بە دەسەڵات و بڕیارەکانەوە تا قۆرخکارێتیەکەی تێکبشکێنرێت، دەوڵەتێك نییە لە دنیادا بەو شێوەیە لەسەر ئاستی کەسێتیەکان چەق بە دۆزەکان ببەستێت، واتە ئێمە دەوڵەتێکمان نییە هێندەی کەسایەتیەکان لەبری دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی بڕیاردەرن، سەرۆك وەزیران لە لایەن پەرلەمان داوا دەکرێت کەچی داواکاری پەرلەمان بە دیواردا دەکێشرێت، لە کاتێکدا ئێمە لە ناو سیستمێکی پەرلەمانیدان، ئەگەر پەرلەمانێك نەتوانێت سەرۆك وەزیران لە ناو پەرلەماندا دابنیشێنێت، کەواتە مانای وایە سیستمێك بەو ناوە بوونی نییە، ئەمە بۆ خۆی ئاریشەیەکە لە لایەن حکومەتەوە بە پلەی یەکەم دروست دەکرێت، لە بەرانبەریشدا ئاریشەی تر بە پلەی دووەم لە جەمسەرەکانی ترەوە دەوروژێنرێن، بێگومان سیاسەتەکانی حکومەت تایەفەگەرین، کاردانەوەکانیش کە لە ئەنبارو بەشێکی لە موسڵ و شوێنەکانی دەکەونەوە مخابن کە ئەوانەیش تایەفەگەرین، واتا هەر کردەیەکی تایەفیی کاردانەوەیەکی تایەفەگەری لە بەرانبەردا دروست دەبێتەوە، ئەرك و هەوڵەکانی تایەفەگەری ململانێ کردنە لەسەر بەرژەوەندییەکان و سیاسەتەکان، ئەم ململانێیانە بە مۆرکێکی ئایینی ئەنجام دەدرێن لە ژێرەوە رەگێکی بونیادگەریانەی هەیە و ئایینی پێوە ئاڵۆزکێنراوە، لە کاتێکدا ململانێیەکان تایبەتمەندە بە کاروباری دنیاوە، نەك مەسەلەکانی کە بە ئاسمانەوە گرێدراون، بۆیە لە ئەنجامدا هەموو ئەم ململانێیانە کە زیاتر لە پێناوی کاروبارو داخوازی رۆژانەی تایەفەکاندان، رووداوی وای لێ دەکەوێتەوە کە مافەکان و تایبەتمەندی ئەوانی تری تێدا پێشێل بکرێت، من لەم بارەیەوە هیچ گەشبین نیم، بەڵکو گەلێ رەشبینانە دۆخەکە هەڵدەسەنگێنم..

*** بە رای بەڕێزتان ئەم گرفتە بونیادیەی باسی لێوە دەکەیت کە بە مۆرکی ئاینی رووپۆشکراوە، عێراق بە کوێ دەگەیەنێت؟**

- زۆربەی شیمانەو پێشبینیەکان بۆ بارودۆخی عێراق دەکەوێتە سەر چۆنیەتی یەکلاخستنەوەی کێشەی سووریا، ئایا دەرئەنجام بە بەرژەوەندی ئۆپۆزسیۆن یەکلایی دەبێتەوە یان بەلای رژێمی بەشاردا، یان بەم شێوە تراژیدیەی ئێستا دۆخی ناهەمواری سوریا زیاتر درێژە دەکێشێت، بارودۆخی ئێستای عێراق بە پلەیەکی گەورەوە لەژێر کاریگەری بارودۆخەکەی سوریادا گیری خواردووە، دووەمیش لەسەر کاروبارەکان دەوەستێت، واتا لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو راوەستاوە، ئێستا حزبی دەعوەی فەرمانڕەوا جڵەوگیری بڕیارەکان و کەناڵەکانی حکومەتی کردووەو حزبەکانی تر لە ناو ئەم حکومەتە هەمە بەرەیەدا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هیچ رۆڵێکیان پێ نەدراوە، ئایا بەم شێوەیەی ئێستا ئەو حزبەی دەعوە هەموو شتە بایەخدارەکان قۆرخ دەکات بۆ خۆی یان داخۆ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا حزبی دەعوە دەبێتە حزبێك کە لە فەرمانڕەوایەتیدا رۆڵێکی مامناوەند دەگێڕێت بەڵام ئاریشەکان وەك خۆیان دەمێننەوە چونکە گرفتەکان لە ناو دەزگاکاندا رەگاژۆن، نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە ئەنجومەنی وەزیران لە ناو هەر حکومەتێکی هەمە بەرەیی یەکگرتوودا پێڕەوییەکی ناوخۆی هەیە، هەموو جەمسەرەکانی ناو ئەو حکومەتە بە یەك ئاستەوە توانای بەشداربوونیان لە بڕیارەکاندا هەیە نابێت بڕیار لای یەك جەمسەرەوە بە تاکڕەوانە بدرێت، ئەمەش لە ناو پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیراندا دەچەسپێنرێت، بەڵام ئێمە لە وڵاتێکداین ئەگەر پێڕەوی ناوخۆ هەبێت، پێویستە ئەو پێڕەوە لەبەرچاو بگرین، ئەگینا هەر کەس و لایەنێك بە هەوای میزاج دەجووڵێتەوە، بنەماکانی کە لە پێڕەوەکەدان میکانیزمی کاروبارەکان و چۆنیەتی هەڵسوڕانیان دیار دەکات، ئەگینا وەك ئەوەی لێ دێت لەبەردەم ترافیکدا کەس گوێ بە رەنگەکان نەدات و یەکێ لەگەڵ هەڵبوونی سەوز راوەستێ و ئەوی تر بە هەڵبوونی سوور دەربچێت، ئەمە گرفتێکی گەورەیە، خۆ حکومەتی هەمە بەرەیی ئیئتیلافی لەوەدا ناوەستێت هەر کەسەو پشکی وەزارەتێك یان چەند وەزارەتێکی پێ بدرێت، لە کاتێکدا دیسپلین و رێنمایی نەبن بۆ چۆنیەتی هەڵسوڕانی کارەکان، هەمان شێوە لە ئەنجومەنی وەزیرانیشدا پێویستە دەسەڵاتەکانی هەر لایەن و کەسێکی تێدا دیاری بکرێت تا بزانرێت چۆن سیاسەتەکان بە رێکوپێکی پێڕەو بکات یان چۆن بڕیارەکان

**ئەرك و هەوڵەکانی تایەفەگەری ململانێ کردنە لەسەر بەرژەوەندییەکان و سیاسەتەکان، ئەم ململانێیانە بە مۆرکێکی ئایینی ئەنجام دەدرێن لە ژێرەوە رەگێکی بونیادگەریانەی هەیە و ئایینی پێوە ئاڵۆزکێنراوە**

**ئێمە لە وڵاتێکداین ئەگەر پێڕەوی ناوخۆ هەبێت، پێویستە ئەو پێڕەوە لەبەرچاو بگرین، ئەگینا هەر کەس و لایەنێک بە هەوای میزاج دەجووڵێتەوە**

**خەڵکی شارەکانی عێراق دەتوانن بە بێ پرسی پەرلەمانیش هەر بێنە سەرشەقام و فشار بۆ پەرلەمانەکەیان بهێنن و ئەکتیڤی بکەن، چونکە لەوە دەچێت پەرلەمان مرێنرابێت**

**لەناو هەر حکومەتێکی هەمەبەرەیی یەکگرتوودا پێڕەوییەکی ناوخۆی هەیە، هەموو جەمسەرەکانی ناو ئەو حکومەتە بە یەک ئاستەوە توانای بەشداربوونیان لە بڕیارەکاندا هەیە**

بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بدرێت، ئەمە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیدا بوونی نییەو فەوزایە، تەنیا کەسێك بە چەند راوێژکارێکی کەمەوە جڵەوی هەموو شـــتەکانیان خســـتۆتە دەســـتی خۆیانەوە، رەنگە ئەگەر کەسەکە بۆ خـــۆی خراپیش نەبێـــت بەڵام رێگەکانی رێکخســـتن و بەڕێوەبردنـــی کاروبارەکان بە خراپی دارێژراون، بۆیە ئەم وڵاتە بە وڵاتی فەوزاکان ناودێر دەکرێت..

*** هەندێـــك ئاماژەیان بەوە داوە کـــە عێراق لە قۆناغی لەبەریەکهەڵوەشـــانەوەدایە، بەڕێزیشـــتان ئاماژەتـــان بە قۆناغی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد لەسەر هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان، بەر لە دەســـپێکردنی ئەم هەڵبژاردنانە بە چەند مانگێك ئاستی کوشتوبڕی و تەقینەوەو کێشەکانی تایەفەگەری و کێشە لەسەر شووناس و ناسنامەیی هاووڵاتیان بەرزتر بوونەوە، ئەگەر سیستم پەرلەمانی بێت بۆ ئەمانە روودەدەن؟**

- ئەمە راستە، لە هەر قۆناغێکی راگوزاریدا شەڕی ناوخۆ و پێکدادان دەبینرێت لە ناو جەماوەردا، تا دەگاتە ئاستێکی وا کـــە خەڵکی فێربن چـــۆن کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی مەدەنیانە یەکلایی بکەنەوە کە مافی یەکتری تێدا پێشێل نەکەن، ئێمە زۆربەی زۆرمان پێشتر خەباتگێڕ بووین، یان پێشمەرگە بووین بە چیاکانەوە، لە چالاکی نهێنیدا دژ بە ســـتەم هاوکاری یەکتری بووین، ســـەرکردایەتی کورد پێش سەرکردایەتی ئێستای عەرەب لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ بە چەند قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕیـــوەو ئەو ماوەیە بۆی بووەتە ئەزموون و مەشـــقی خۆی کردووە، بۆیە سەرکردایەتی کورد پێشکەوتووترن لە سەرکردە عەرەبەکان لە رووی توانایانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارگێڕی سیاســـی، چ لە ســـەرۆکایەتی دەوڵەتیی یان کاروباری دەرەوەدا شـــارەزاترن، بەڵام سەرکردە عەرەبەکان هێشـــتا بەو ئاســـتەی شـــارەزایی ســـەرکردە کوردەکان نەگەیشتوون، ئێستاش کەســـایەتی سیاسی عەرەبی وا هەیە لەکاتی دیالۆگدا هەر دەستێکی بە دەمانچەکەیەوە دەگرێت، هێندەی بە مەسەلەکانی توندوتیژی دەوروژێنن و پێـــی کاریگـــەرن، هێندە بیر لەو شـــتانە ناکاتەوە کە دانوستاندن و رێگەچارەی ئاشـــتی و کۆمبرۆمایزانەن، گرفتەکە لەوەوە دەســـتی پێکردووە کـــە حزبی دەعوای فەرمانـــڕەوا لە عێراقدا بە رق و کینـــە نواندنەوە رەفتار دەکات و بە سووکی تەماشای بەرەکانی ترو لایەنەکانی بەرانبەری دەکات، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا بیدۆڕێنێ ترسناکتر دەبێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتانەی ئێستای نامێنێ کە بە رەهاییەوە بەخـــۆی رەوا دەبینێت، چونکە زەمانی کودەتای ســـەربازی بەسەرچووەو، ناچارە بە دەنگەکانی ناو سندووقەکانی هەڵبژاردن رازی بێت.

*** هەندێك کەسایەتی کە بۆ رێکەوتن سەرپشك دەکرێن و بە ناوی بەرەو لایەنێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، بە نموونە دەسپێشخەری سەید حەکیم و هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان و دانیشتنی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیداو یان هاتنی موقتەدا سەدرو هاتنی ئەمانە رێکەوتنیان لێ کەوتۆتەوە، بەڵام گرفتەکە لە جێبەجێنەکردنی چۆنیەتی بەندەکانی ئەو رێکەوتنانە دەکەوێتەوە؟**

- سیســـتمی پەرلەمانی لێرەدا رۆڵەکەی لاوازە، پێویست وایە ئەو رێکەوتنانە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، لەوێ بخرێتە دەنگدانەوە کە دەنگی زۆرینەی وەرگرت، ئیتر حکومەت ئیلزام بکرێت بە بەجێگەیاندنیان، ئەگەر ســـەرۆکایەتی حکومـــەت پابەند نەبوو پێوەی ئـــەوە لە لایەن دادگای باڵاوە ســـکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت ئەگەر هەر پێوەی پابەند نەبوون، ئەوا داوا لە جەماوەر بکرێت خۆنیشاندانی ئاشـــتیخوازانەی بۆ رێکبخەن، ئـــەم رێگەچارانەش بۆ کەســـێك زەحمەتن کە لە هەموو ژیانیـــدا بەس بۆ ئەوە خوڵقابێت و ئەوە فێر بووبێت چۆن دەجەنگێت، نەك چۆن دانوســـتاندن بکات، یان چۆن حکومەت فێر بکەیت کە راکردن لە رێکەوتنێك کـــە ئەنجامی دابێت، بریتی نییە لە فەزیلەت، چـــۆن فێری بکەین خاوەنی بەڵێنی خۆی بێت و لـــە بەڵێنێك رانەکات کە بـــۆ رێکەوتن داویەتی، بیرکردنەوە لەم شـــێوازە تازەیەی بەڕێوەبردنی سیاســـەت و فەرمانڕەوایەتی پێویســـتی بە ئۆپۆزســـیۆن و فکر و شـــارەزابوون هەیە، پێویســـتی بە چۆنیەتی ئیدارەدانی کێشـــەکانەوە هەیە، پێویســـتی بە شـــێوەی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕاو رێزگرتن لە بەرانبەرەکەت هەیە، ئەو رێکەوتنانەی پێشتر هەبوون لەسەر ئاستی سەرکردایەتی حزبـــەکان ئەنجـــام دراون، حزبـــەکان بریتـــی نیـــن لە دامودەزگای حکومی یان پەرلەمانی، پێویستە لەو دەزگا یاســـاییانەدا بڕیاریان لەسەر بدرێت کە رەوایەتی یاسایی و دەســـتووریيان هەیە، کاتێك رێکەوتننامەی هەولێر لە نێوان مالیکی و سەرۆکی هەرێم و مام جەلال و بەرەکانی تری کێشـــەکانی عێراقدا ئەنجام درا، پێویست وابوو ئەو رێکەوتنـــە بچێتە بەردەم پەرلەمـــان، تا ئەو رێکەوتنەی نێوانیان تەنیا لە ســـەر زارو لەســـەر کاغەز نەمێنێتەوەو بخرێتـــە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبوایـــە بەندەکانی ئەو رێکەوتنە ببردرایەتە ناو پەرلەمان تا دەنگی پێویســـتی پێ بدرایە، ئینجا حکومەتی عێراقی پێ دابمەزرایە، وەك نووسراوێك لەبەردەم پەرلەمان بخوێندرایەتەوە، پەرلەمانیش بیخســـتایەتە دەنگدانی ئەندامانیـــەوەو لایەنەکانی پێوە پابەند بکردایە بۆ جێبەجێکردنی.

*** وەك پێشتر باســـت کرد کە بە هۆی باری ناهەموار و تراژیدیای سوریاوە بارودۆخی عێراقیش بەرەو خراپی**

**ڕۆیشـــتووە، باشە پێش ئەوەی لە ســـوریا بارودۆخ تێك بچێـــت، خۆ ئەم بارودۆخەی عێـــراق هەر وەك ئەمڕۆ گرژ و خراپ بووە، لە پاش هەشـــت ســـاڵ حوکمڕانی و هەڵبژاردنی ئازادانـــەو جڵەوگیربوونی فەرمانڕەوایی لەلایـــەن دەوڵەتـــی قانوونەوە و تا ئێســـتاش هەر وەك جاران کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو چارەسەر نەکراون؟**

- لـــە پـــاش هەڵبژاردنـــەوە مالیکی، ئیتـــر ئەم زاتە هەســـتی بەوە کـــردووە کە بە هێز بـــووەو وایدەزانی بە ســـانایی دەتوانێت هەمووان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەمە هەمووی لەو هەســـتەیەوە رسکابوو کە خۆی بە بەهێزترین حزب دەزانی و ئەوانی تر بەلایەوە پەراوێزبوون، ئـــەو وایدەزانی لەم وڵاتەدا بە تەنیا دەتوانێت یەکە یەکە تێکیان بشکێنێت، ئەمەی ئێستا بەرانبەر ئەنبار دەیکات، لە تۆڵەی ئەو خۆشـــحاڵیبوونانەی خەڵکی ئەنبارە لە بەرانبەر ئەو ســـەرکەوتنانەی ســـوپای ئازادی سوریاو ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بە دەستیان هێنابوو لە هەندێك ناوچەی ئەو وڵاتەدا، بۆیە هێرشـــی بۆ ئەوانیش هێنا، بەڵام کە ئێســـتا لە پاشەکشـــەدایە ئەوە بە پێچەوانەی ویســـتی خۆیەوە بارودۆخەکە کەوتۆتـــەوە، کەواتە لەوە دەچێت ئەم گرژبـــوون و بەرەنگاربوونەوە بەردەوامانەی کە مالیکی پێـــی هەڵدەســـتێت قازانجێکی لێبکات، بەڵام کاتێ ســـوپای ئازاد لە سوریا کەوتە ئازادکردنی هەندێ شـــار و ســـەربازگەو فڕۆکەخانەی ئەو وڵاتە، بارەکـــە بە جۆرێکی تر قڵپ بووەوە، پێشـــتریش کاتێك مالیکی ویستی گرووپی عێراقیە لەبەریەکهەڵوەشێنێت تا پارچـــە پارچەیان بکات، لەبەر ئەوەی هێرشـــی بۆ هەموویـــان دەهێنا ئەنجام وا کەوتەوە لیســـتی عێراقیە ریزەکانی خۆی پتەوتر بـــکات، مالیکی هەوڵی دا بە تەواوی کەرکوك لە مەداری بەرەی کوردستانی نەهێڵێت و بیکاتە دەرەوە، کەچی لە ئەنجامدا هێزی پێشمەرگەی بە هێزەوە لە کەرکوك نزیك خســـتەوە، سیاســـەتەکانی مالیکی سەرلەبەری بێسەروبەر بووە..

*** ئەمریکیەکان هەندێکیان لە ساڵی ٢٠٠٣ رایانگەیاند کە چارەنووســـی عێراق دابەشـــبوونە، ئایا دابەشبوون چارەســـەرێکی باشـــتر نییە بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستای عێراقی تێکەوتووە؟**

- لەو بڕوایەدا نیم جارێ ئەمە روو بدات، تۆ تەماشای باشووری ســـۆدان بکە، لە دوای سەربەخۆیی بوونیان کەچی شەڕ و جەنگ هێشـــتا لەسەر سنوور و لەسەر نەوت هـــەر بەردەوامە، هەر دابەشـــبوونێکی بەزۆر لە جیهانـــدا بە جەنـــگ کۆتاییان هاتووە، دابەشـــبوونی فەڵەستین تا ئێســـتاش گرێکەی نەنیشتۆتەوە، یان لە ئێرلەندای باکوور تا ئێســـتاش گرفتەکانی بە ئاڵۆزی ماونەتەوە، دابەشـــبوونی کۆریا بۆ دوو بەرە، تا ئێستا کێشەکانی نێوانیان لە گرژیدایە، دابەشکردنی پاکستان و هیندستان کە کێشەی لەسەر کشمیر تیا دروست بووەو هەر لایەکیان موشـــەکی ئەتۆمی بەرانبەر لایەکەی تر قووت کردۆتەوە، ئەوەی بۆ لاپەڕەکانی مێژوو بگەڕێتەوە ئەوە باش دەزانێت کە دابەشـــکردنی بەزۆر کارەســـاتە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گەلی کورد لە عێراق هەوڵ بۆ دامەزراندنـــی دەوڵەتی خۆی بدات ئەمە بە دابەش بوون و جیابوونەوە دابنرێت، ئەمەیان کە ئاواتی گەلێکە، دابەشـــبوون نییە، ئەمەیان لە رێی راپرســـی و بە پێی بڕیارێکی دیموکراتیانە رەنگە بتوانن سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن، ئەمەیان دۆزێکـــی جیاوازە لەو نموونانەی باسم کردن، بەڵام دابەشکردنی ناوەند لەگەڵ کەنارەکان و وتنی ئەو دروشـــمانەی کە دەڵێن ئەمە عەرەبەو ئەوە کـــوردەو ئەمە شـــیعەیەو ئەوە ســـوننەیە، ئەمە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگێکی بێ کۆتایی و هەموو سامانی سروشـــتی کە لە عێراقدایە دەبنە سووتەمەنی بـــۆ نەکوژانـــەوەی ئاگری دابەشـــبوونێکی وەها، ئەو کاتە دەبینە دەوڵەتێکی ئاســـت نزمتر لە وڵاتێکی وەك بەنگلادش، ئیتر ئەم هەموو ئاوەدانیەی کە لە هەرێمی کوردســـتان دامەزراون، یان ئـــەو ئاوەدانیە کەمەی لە بەغدا دروست بووە، هیچیان نامێنن..

*** ئەی کەواتە چارەسەر چییە؟**


- گرتنەبـــەری رێگەچـــارەی ئاشـــتیانەو ئارامە تا مالیکی دەڕوات، ئەمە لەســـەر ئاســـتی نزیك، لەسەر ئاســـتی مامناوەندیش بنکەی یاسایی دابڕێژرێنەوە بۆ بەڕێوەبردنـــی کاروباری حکومەت، ئەو گاڵتەجاڕییەی بە نـــاوی دادگای عێراقیەوەیە بگـــۆڕن، وەکیلەکانی تایبـــەت بە خزمەتـــکاری بۆ حکومەت لـــە دادوەری عێراقیدا بگۆڕن بۆ وەکیلی تایبەت بە خزمەتی یاسایی لە ناو دەوڵەتی عێراقیدا، ئەم مەســـەلانە پێویســـتە بە جددی بیریان لێ بکرێنەوە، بۆیە پێویســـتە سەرلەبەری دادگای باڵای دەســـتووری بگۆڕدرێت، هەر یەك لەم خاڵانـــە جێبەجێ نەبن دۆخەکە ســـەقامگیری بەخۆوە نابینێت، بـــە تایبەتی لابـــردن و کەوتنی مالیکی کە خاڵی بنەڕەتە پێویستیەکی بنەڕەتیە، بەم سێ چارەیەوە ســـەنگی مەحەکی داهاتووی عێراق دادەنرێت و رەنگە بارودۆخەکە بەرەو باشـــتر بچێت، بـــەڵام بە تەواوی و هەموویشی باش نابێت، وەك چۆن لە کەلاوەیەکدا تۆ بە سێ هەنگاو سێ بەشی زبڵەکە لابەریت، بەشێکی هەر دەمێنێتەوە کە پێویستی بە کات دەبێت تا وردە وردە ئەو بەشەش خاوێن بکەیتەوە..

**مالیکی هەوڵی دا بە تەواوی کەرکوك لە مەداری بەرەی کوردستانی نەهێڵێت و بیکاتە دەرەوە، کەچی لە ئەنجامدا هێزی پێشمەرگەی بە هێزەوە لە کەرکوك نزیک خستەوە**

**سەرکردە عەرەبەکان هێشتا بەو ئاستەی شارەزایی سەرکردە کوردەکان نەگەیشتوون، ئێستاش کەسایەتی سیاسی عەرەبی وا هەیە لەکاتی دیالۆگدا هەر دەستێکی بە دەمانچەکەیەوە دەگرێت**

# چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بە پێداچوونەوەی سەرتاسەری سیستەم دەبێت

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



دوای چەندین دەیە لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییە چارەسەرنەکراوەکان، لە کۆتاییدا رای گشتی سەرنج لە کەموکورییە بونیادییەکانی نێو سیستەمەکە دەدات، کە بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە ببێتە پاشکۆی دەوڵەت. پێشبینی خەڵك ئەوەیە کۆتایی بە کاریگەریی دەزگای بیرۆکراسی بهێنرێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی بچووك کردۆتەوە و مەودای دەستپێشخەری و ئازادیی تاکەکەسی سنووردارکردووە. حاڵی حازر هاووڵاتیانی تورکیا تێگەیشتنێکی باشتریان هەیە لەبارەی سنووردارایی سیستەمەکە کە بۆتەهۆی ئەوەی ئاستی کارایی بێتەخوارەوە (بەهایەکی ئابووری) و لە تین و تاوی دیموکراسی کەم بێتەوە. ئەوان زەحمەتە بەلایانەوە لەوە تێبگەن بۆچی تورکیا ١٧یەمین گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا، و بۆچی بەپێی ئاماژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی (Human Development index) وڵاتەکەیان ریزبەندی ٩٢ەوەمین وڵاتی گرتووە لەنێو ئەو وڵاتانەدا کە پێیان دەوترێت «partly free» واتە ئەو وڵاتانەی زۆرێك لە خەسڵەتەکانی دەوڵەتی ئازادیان تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا، گەندەڵی سیاسی و جیاکاری دژ بە کەمینە و سنووردارکردنی ئازادییەکانیشی تێدایە-، ئەم ریزبەندییەش لەلایەن (Freedom House Scale) کراوە لە پەیوەندیدا بە مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییە سیاسییەکانەوە.

دەوڵەتی بیرۆکراتی کارێکی کردووە کە هەرگیز ئازادیی سیاسی، گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێنەپەڕێنێت. کودەتا، ئەشکەنجەی بەربڵاو، و حوکمی زیندانیکردنی درێژخایەن، بێکارکردن وەك شێوەیەك لە سزادان و ئیغتیالکردنی ناو بە ناو، هەموو ئەمانە بە ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ملکەچ بۆ دەوڵەت، کە هاوشێوەی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە کە تێیدا کەسێك خەڵکی دەگرت بە ناچاری لەسەر پێخەفێکی ئاسن تەختی دەکردن، کە قاچەکانی رادەکێشان، یاخود دەست و قاچی دەبڕینەوە- بۆ ئەوەی درێژییەکەیان هێندەی پێخەفە ئاسنەکەی لێبێت-. هێشتا خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و رەفتاری خۆسەپێنی لە سیستەمی هەڵبژاردنی ئێمەدا ماوەتەوە، بە دانانی رێژەی لە سەدا ١٠ بۆ چوونە نێو پەرلەمان و ئامادەکردنی لیستی پاڵێوراوان لەلایەن بەرپرسەکانی حزبەوە. ئامانجی ئەم رەفتارانە هێشتنەوەی بارودۆخەکەیە وەك خۆی، نەك گۆڕانکاری بکرێت و هەڵبژاردن بدرێتە دەست خەڵك.

ئەم سیستمی پاسەوانییە، کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێناوە کە ترسی هەبێت لە گۆڕان و دڵسۆزبوون بۆ (دەسەڵات)ی پێ باشتر بێت لە مێریتۆکراسی (حکومة الاخيار). تەنانەت بەرهەڵستیکردنی دەوڵەت لەلایەن ئەو ڕێکخراوانە دروست بووە کە خۆیان داوای دڵسۆزی تەواو دەکەن و بوار بە تاکگەرایی نادەن. ترس لە جیهان بە دروستکردنی دوژمنی راستەقینە و ئەوانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە دوژمن، و دابەشکردنی وڵات، بوونەتەهۆی ژەهراویکردنی دەروونی خەڵك، لەبەر ئەوەی دەوڵەت کارێکی کردووە هەمیشە هەستی مەترسییەکی بەردەوام لە ئارادا بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی نوێی تورکیا بە سەرکردایەتیی پارتی داد و گەشەپێدان بۆتە هەڵگری ئاڵای بوونە سەرکردەیەکی ئیقلیمی و یاریزانێکی جیهانی، ئەویش دوای بەدەستهێنانی گەشەیەکی ئابووریی سەرسوڕهێنەر، کە داهاتی نەتەوەیی کردۆتە سێ ئەوەندە. درکی بەوە کردووە کە ئەوەی پێی دەوترێت «کێشەی کورد» بۆتە هۆکاری ئیستنزافی بەردەوامی سەرچاوە نەتەوەییەکان و هەستی هاودەنگی نەتەوەیی.

کەواتە حکومەت دەستی داوەتە دەستپێشخەرییەك کە پێی دەوترێت پرۆسەی چارەسەرکردن. کە بە هەڵە تەنیا پەیوەست دەکرێتەوە بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە. چونکە زۆر لەوە زیاترە، لەبەر ئەوەی پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری بە سیستمەکەدا لە خۆدەگرێت. ئەمە مایەی ترسە بۆ بەشێکی خەڵك و زۆربەی دامەزراوەی بیرۆکراسی.

**ئەو تێڕوانینانەی گەڵاڵەبوون**

من خۆم شەخسی لەگەڵ «گرووپی دانایان»دا گەیشتم بۆ ١٢ شاری ئەناتۆلیای ناوەندی کردووە، بەڕێز. جەلال کازداگلی، کە رۆژنامەنووسێکە گەشتی بۆ ١٧ شاری رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات کردووە کە لە میانەی بەرنامەی «دەنگت بەرزکەرەوە لە پێناو چارەسەر»دا کە کەناڵی A TV ڕێکیخستبوو. تێڕوانینی گەڵاڵەبووی هەردووکمان بەم شێوەیە بوو:

* وا پێدەچوو کە ئیدارەی گشتی و زۆربەی پارێزگارەکان لە دەرەوەی پرۆسەکەدا بن. تەنیا چەند کەسێکی کەم نەبێت کە وا رەفتاریان دەکرد، وەك ئەوەی کێشەکە پەیوەندیی بە ئەوانەوە نەبێت. ئەوان پتر سەرقاڵن بە کاروباری رۆژانەی خەڵکەوە. ئەوانە توانای بینینی وێنە گەورەکە و ئیدارەکردنی گۆڕانکارییان نییە.

* ڕێکخراوەکانی سەر بە ئاك پارتی لە پارێزگاکاندا تا رادەیەك سستن، سەرەڕای چالاکی سەرۆك وەزیران. ئەوان پرۆسەکە وەك دەستپێشخەریی سەرۆك وەزیران و ئیمتیازی حکومەتی حزبەکە دەبینن. ئەوان لەسەر ئاستی ناوخۆ خاوەنی ئەرکەکە نین.

* زانکۆکان تەماشاکارن. ئەوان لە سنووری عەقڵی تایبەت بەخۆیاندا بیردەکەنەوە و بە شێوەیەکی گشتی بە راستی خەمخۆر و بایەخپێدەری «پرۆسەکە» نین. تەنیا چەند ئەکادیمییەکی کەم و چەند سەرۆکی زانکۆیەك پرسەکە بە جددی وەردەگرن. بە گشتی زانکۆکان دابڕاون لە کێشە و واقیعی ئەو ناوچانەی تێیدان. هەروەك پێشبینی دەکرا زۆربەی ئەندامانی بەش و راگرەکان بەرگرییەکی سەرسەخت لەوە دەکەن دۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە (لەلایەن سیستمی سیاسیە فەرمییەکەی پێشووەوە. کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەو شۆڕشەی بەڕێوەیە.

* راگەیاندنی مەحەلی رەنگدانەوەی هەستێکی تێکەڵە. بەشێکیان بەرهەڵستییەکی ناسیۆنالیستی بۆ پرۆسەکە دەردەخەن (وەك ئەوەی لە ئەناتۆلیای ناوەندی هەیە). بەشێکیان پتر مەیلێکی ئاشتیانەیان هەیە بە بەراورد بە راگەیاندنی نەتەوەیی باو (هەروەك ئەوەی لە رۆژهەڵات هەیە). کەواتە رۆڵی راگەیاندن بەیەك ئاڕاستەدا نییە، هەندێ جار ئیجابی و هەندێ جار سلبییە.

* لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدان و ڕێکخراون. لە هەموو پارێزگایەکدا چالاکن لە نێو خۆیان تۆڕێکیان دروستکردووە، و هەرچەندە جیاواز بن، ئەوا بە شێوازێکی مەدەنیانە مشتومڕ لە بارەی پرسەکانەوە دەکەن. پەرەیان بە کەلتوورێکی دیموکراتی مەدەنی داوە، بەو هۆیەوە بیروبۆچوونەکان دەگۆڕنەوە، نەك لە بارەی پرسە مەحەلیەکانەوە، بەڵکو لەبارەی پرسە جیهانیەکانیشەوە. زۆر بە توانان لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیانەوە. ئەوان ئامڕازی سەرەکیی گوتاری گشتین.

پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە: کە کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر لە پێش دامەزراوە و بەرپرسە رەسمییەکانەوەیە. ئەوان ئاڵاهەڵگری شۆڕشێکی بەردەوامن، بەڵام سەرنجنەدراون. پێدەچێت دەوڵەت بێتوانا بێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی تا ئێستا دروستی کردوون و خولقاندوونی.


---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**حکومەتی نوێی تورکیا بە سەرکردایەتیی پارتی داد و گەشەپێدان بۆتە هەڵگری ئاڵای بوونە سەرکردەیەکی ئیقلیمی و یاریزانێکی جیهانی، ئەویش دوای بەدەستهێنانی گەشەیەکی ئابووریی سەرسوڕهێنەر**

**زانکۆکان تەماشاکارن، ئەوان لە سنووری عەقڵی تایبەت بەخۆیاندا بیردەکەنەوە و بە شێوەیەکی گشتی بە راستی خەمخۆر و بایەخپێدەری «پرۆسەکە» نین**

# کێشەی کورد لەدیدگای ڕۆژنامەنووسێکی تورکەوە



پرۆفیسۆر تۆزان بەهچلی

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

تورك و كورد چەندین ســـەدەیە لەسەر هەمان خاكدا ژیانیان بردۆتەسەر، بەڵام زۆرێك لە تورك سەركێشی ئەوە ناكەن لە ناوچە كوردیەكەی وڵاتەكەیان بروانن. ئەگەر ئەم كارەیان بكردایە، ئەوا بۆیان دەردەكەوت كە كورد گەلێكن خاوەنی زمـــان و كەلتوور و مێژووی جیاواز بە خۆیانن.

لـــە یادەوەریەكەیـــدا كـــە ٦٤٠ لاپەڕەیـــە بـــە نـــاوی Mezopotamya Ekspresi) (Mesopotamian Express كە لە ســـاڵی ٢٠١٢دا لە ئەستنەبوڵدا بڵاوكرایەوە، جەنگیز چاندار بـــاس لە ئەزموونێكی بەرچاو دەكات كە لە ســـاڵی ١٩٧١دا ڕوویـــدا، گە گەشـــتێك بوو بـــە پاس لە ئیلازیگەوە بۆ چەندین شـــوێن لـــە نێویاندا بینگۆل، موس، ڤان و دیاربەكر.

هـــەروەك خـــۆی دەڵێت: «بـــە پێچەوانـــەی هەر بەشـــێكی دیكەی توركیاوە، بۆ یەكەمجار تووشـــی شـــۆكی كەلتووری بووم،» چاندار هەســـت دەكات كە ناتوانێت لەو زمانـــە تێبگات كە ئەوانەی لە نێو پاسەكەدان قسەی پێدەكەن. هەر لە هەمان گەشتدا، گوێبیستی مامەڵەی پڕ لە سووكایەتی سەربازەكانی تـــورك بوو لەبەرامبەر گەنجـــە كوردەكاندا لە دوای خۆپیشـــاندانەكان كە لەلایەن ڕێكخراوێكی نەتەوەیی كوردییـــەوە ئەنجامـــدران كە ئەو كاتە لـــە توركیادا چالاك بوو.

لەو كاتەدا چانداری گەنج چالاكوانێكی چەپڕەو بوو و مەیلی بەلای كێشە شۆڕشگێڕییەكاندا هەبوو، بەو پێیە ئامانجی دەزگای ئەمنی توركیا بوو. لە ساڵی ١٩٧١دا هەڵات بۆ سوریا بۆ ئەوەی دەستگیرنەكرێت و پەیوەندیی بە خەباتی چەكداری فەلەســـتینییەوە كرد دژ بە ئیســـرائیل. لە سەرەتادا وەك جەنگاوەرێك لە ریزەكانی فەلەستینیەكاندا كاری كرد، ئاشنابوونی لەگەڵ زۆرێك لە كوردەكاندا، لە كاتێكدا لە ســـوریا و لوبنـــان بوو، بایەخدان و مەعریفەی بە كوردەكان و تەنگژەكەیان قووڵتركردەوە.

كاتێك لە بەیروت بوو لە ســـاڵی ١٩٧٣، هاوڕێكانی كۆبوونەوەیەكیـــان بـــۆ ڕێكخســـت لەگـــەڵ جەلال تاڵەبانـــی، كە چالاوانێكی كـــوردی دیار و بەرچاو بوو. هەژدە ساڵ دواتر یەكتریان بینیوە، كاتێك چاندار ستوونووسێكی ناسراو و دیار بوو كە مەعریفەی چڕ و پڕی بە كێشە سیاسیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە كاریگەری هەبوو لەســـەر ســـەرۆكی توركیا تورگوت ئۆزال كە كردیە ڕاوێژكاری خۆی.

بەم توانایـــەوە، چاندار كاریگـــەر و هاریكار بوو لە ڕێكخســـتنی كۆبوونەوەیـــەك لە نێـــوان تاڵەبانی و

سەرۆکی تورکیا لە ساڵی ١٩٩١، کە کۆبوونەوەیەك بوو ئارەزوو و پەرۆشییەکی زۆر هەبوو بۆ ئەنجامدانی. ئەمە خاڵی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی تورکیا لە ئاست سەرکردە کوردەکانی عێراقدا کە سەرۆکی تورکیا بە شەریکێکی سوودبەخشی زانین لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کیشەی کوردی وڵاتەکەیدا. وەك ستراتیجیستێکی ژیر کە لە گرتنەبەری ڕێ و شوێنی بوێرانە سڵی نەدەکردەوە، ئۆزال درکی بە پێویستی ئەوە کرد کە کرانەوە بە ڕووی سەرکردە کوردە عێراقیەکاندا هاوشان بێت بە خستنەڕی دەستپێشخەری نوێ لەبارەی کێشەی کوردی وڵاتەکەیەوە.

بە داخەوە بۆ تورکیا، ئۆزال لە کاتێکدا لە دەسەڵاتدا بوو کۆچی دوایی کرد، پێش ئەوەی بتوانێت زۆرێك لە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی پیادە بکات لە پەیوەندیدا بە سیاسەتەوە لە ئاست کورددا. بەهۆی ڕۆڵیەوە لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەك لە نێوان سەرکردەکەی کورد لەگەڵ ئۆزالدا، چاندار و تاڵەبانی پەرەیان بە دۆستایەتییەکی متمانەدار و سوودمەند بۆ هەردوولا دا، کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە. تاڵەبانی بە بەهاوە لە ڕاوێژ و کاریگەریی سیاسی چانداری لە تورکیا ڕوانی، هەروەها هاوسۆزیەکانی لەگەڵ خەونە سیاسییەکانی کوردەکان لە تورکیا و عێراق.

لەبەرامبەردا، دۆستایەتییەکەی لەگەڵ تاڵەبانی، هەروەها لەگەڵ مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، دەرفەتێکی پڕ لە زۆر باشی بە چاندار داوە لە کوردستانی عێراقدا. هاوشان بە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسە لیبراڵەکانی وەك محەمەد عەلی بیراند، چاندار تۆمارێکی پڕ لە ستایشی هەیە لە گومانکردن لە سیاسەتی سەرسەختی تورکیا، بە زۆری ئەم سیاسەتە لە ئاست کێشەی کورددا پیادەکراوە. بە چەشنی بیراند، ئۆجەلان، سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە) بینی و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدا.

نە بە ئیعجابەوە لەبارەی ئۆجەلانی نووسی و نە لەبارەی پەکەکەوە، بەڵام نووسینە بابەتییەکانی ڕاستەوخۆ پێچەوانەوە وەستانەوە لەگەڵ بەرهەڵستی سەرسەختی دەسەڵاتەکانی تورکیادا. لە ئەنجامدا هەردووکیان بوونە ئامانجی «دەوڵەتی قوڵ»ی بەدناوی تورکیا. لەبەر ئەوەی لە ژیانی خۆی دەترسا، تورکیای جێهێشت و چەند مانگێك لە واشنتۆن دی سی ژیا، لە هەنگاوێکدا کە زۆر بە خێرایی هەڕەشەی کۆتایی هێنان دەکرد بە پیشەکەی وەك ڕۆژنامەنووسێك، بووە ئامانجی سوپای تورکیا لە ساڵی ١٩٩٨ کە دانپێدانانێکی هەڵبەستراوی سەرکردەیەکی کوردی یاخیبووی دەستگیرکراوی بڵاوکردەوە بە ناوی شەمدین ساکیك بەوەی چاندار (لەگەڵ بیراندا) بەرتیلیان لە پەکەکەوە وەرگرتوە.

لەبەر ئەوەی ساکیك لێدوانێکی لەم چەشنەی نەدابوو، هەر زوو چاندار دەستی کردەوە بە کاری ڕۆژنامەگەری، بەڵام موحەڕیرەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی تورکی «سەباە» ئاگاداریان کردەوە لە ڕەخنەگرتن لە دژی سوپای تورکیا و نووسین لەبارەی کێشەی کوردەوە.

چەند ساڵێکی دواتر، لە هەنگاوێکی دیاری سەلماندنی بێتاوانی چانداردا، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا ئیلکەر باشبوگ چانداری بانگهێشتکرد بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەی کورد و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کوردستانی عێراقدا، بەڵام بۆچوونەکان وەك یەك نەبوون. لە ماوەی گفتوگۆ دوو کاتژمێری و نیویەکەیاندا بۆ یەکجاریش باشبوك وشەی کوردی بە زاردا نەهات و وەك حکومەتی هەرێمی باکوری عێراق ئاماژەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد.


**ئۆزال درکی بە پێویستی ئەوە کرد کە کرانەوە بە ڕووی سەرکردە کوردە عێراقییەکاندا هاوشان بێت بە خستنەڕێی دەستپێشخەری نوێ لەبارەی کێشەی کوردی وڵاتەکەیەوە**

خەڵکی ئامادە نەبوون ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکەن کە لە بنەڕەتدا بناغەی کێشەی کورد بریتییە لە پەرۆشی کورد بۆ ئەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆیان هەبێت. کاتێك دوای سێ ساڵ چاوی بە سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کەوت، چاندار هەمان هەڵوێستی لێ بەدی کرد کاتێك ناوی کێشەی کوردی نەهێنا. دڵخۆش نەبوو بەوەی ئەردۆغان هەنگاوی بوێرانانە بنێت بە چەشنی سەرۆکی پێشوو تورگەت ئۆزال کە ئامادەبوو بیانگرێتەبەر.

ئەگەر چاندار ئەم کتێبەی لە کاتی نووسینی ئەم پێداچونەوەیەدا ( حوزەیران ٢٠١٣)دا بنووسیایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە کەمتر ڕەشبین دەبوو. ئەمە لەبەر ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان بە سەرکردایەتی ئەردۆغان درەنگوەختانە چەند دەرسێکی بنەڕەتی لەو جۆرە فێربوو، کە بۆ ڕۆژگارێکی درێژ چاندار وەك ڕۆژنامەنوسێك هەوڵیدا پەرەیان پێبدات و پاڵپشتیان لێبکات، کە بریتییە لەوەی کێشەی کورد لە تورکیا پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە کە دان بە ناسنامەی جیاوازیی کورددا بنێت وەك گەلێك و داواکارییە دیموکراتی و شەرعییەکانیان چارەسەر بکات.

بە خوێندنەوەی (Mezopotamya Ekspresi (Mesopotamian Express سەرکردەکانی تورك دەتوانن شتێکی زۆر فێربن لە داینامیکییەتی تورك و کوردەوە. کە کتێبێکە زۆرترین خوێنەری هەبووە، کە چیرۆکی ناوازە و ئاشکراکردن لە خۆدەگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەندین پەند لە خۆدەگرێت کە خوێنەر دەتوانێت لەبارەی کێشەی کوردەوە فێری بێت لە تورکیا و عێراقدا، ئەوا جێی داخ دەبێت ئەگەر نەکرێتەکوردی.

# ئەسەد و نەسروڵڵا
# کێشەی سوریایان گۆڕی بۆ فیتنەی
# مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە



دوای ئەوەی حەســەن نەســروڵڵای ئەمینداری گشتی حزبوڵای لوبنانی بە ئاشــکرا رایگەیانــد چەکدارەکانی پشــتگیری لە سوپای بەشار ئەســەد دەکەن بۆ مانەوەی رژێمەکەی، لە هەمانکاتدا چەکدارانی رێکخراوی حوسی یەمەنیش بەرێگەی لوبنان پەڕینەوە ناو خاکی ســوریا بۆ ئەوەی شان بەشانی سوپاکەی ئەسەد دژی گەلی سوریا بجەنگن، ئەمە بێجگە لەوەی هەواڵەکان باس لەوەش دەکەن لەوڵاتانی دیکەی دراوسێی سوریا لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە چەکداری دیکە بۆ پشتگیری رژێمی ئەسەد چوونە ســوریا، لەبەرامبەریشــدا باس لەوە دەکرێت چەکدارانی سوننەش لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێی سوریا و رێکخراوە ئیسلامیە سوننی مەزهەبەکان چەکداریان ناردۆتە ســوریا بۆ ئەوەی پشتگیری لایەنە ئیسلامیە سوننەکانی ناو سوریا بکەن کە ئێستا دژی سوپای ئەسەد دەجەنگن، ئەمەش مەترسی بارودۆخی سوریای گەیاندۆتە ئەو ئاستە کە ســوریا ببێتە ئەفغانستانێکی دیکە هەم بۆ مەزهەبی سوننە و هەمیش بۆ مەزهەبی شیعە.

لەســەر ئاســتی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتیەکانیش، وێڕای ئەوەی هەوڵەکان بۆ گرێدانی لوتکەی جنێڤ ٢ کە بڕیارە لەناوەڕاســتی ئەم مانگە بۆ قسەکردن لەسەر حکومەتی ئینیتقالی سوریا گرێبدرێت، سەردانی سیناتۆری کۆماری بۆ ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی ئۆپۆزسیۆن لەناو سوریا، بە وەرچەرخانێکی گەورە ســەیر دەکرێت، بە تایبەتی کە سیناتۆر جۆن مەکین یەکێکە لە دیارترین ئەندامانی حزبی کۆماری ئەمریکا و پێشــتریش کاندیدی کۆمارییەکان بۆ پۆستی ســەرۆکایەتی ئەمریکا، هەر بۆیە چاودێران ئەم سەردانەی مەکین بۆ ناوچەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناو سوریا بە سەرەتای گوشار خستنە سەر ئیدارەی ئۆباما دەزانن بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توندتر لەبەرامبەر سوریا وەربگرن.

هاوکات لەگــەڵ ئــەم گۆڕانکارییە یەکێتــی ئەورووپا گەمارۆی پێدانی چەکی لەســەر سوپای ئازادی سوریا هەڵگرت، بــەڵام هەڵگرتنی ئەم گەمارۆیە راســتەوخۆ نییــە و لەماوەی ٣ مانگی داهاتــوو جێبەجێ دەکرێت، ئەمــەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر هەتــا ٣ مانگی داهاتوو و لەمیانەی کۆنگرەی جنێڤ ٢ نەتوانرێت کێشەکە بەلایەکدا بخرێت، ئەوا چەك دەدرێتە ســوپای ئازادی ســوریا بۆ ئەوەی هاوســەنگی لە گۆڕەپانی شەڕی سوریا لە نێوان سوپای ئەسەد و چەکدارانی سوپای ئازادی سوریا دروست بکرێــت، بەڵام وەك کاردانەوەیــەك بەرامبەر ئەم بڕیارەی یەکێتی ئەورووپا، روسیا رایگەیاند کە سەفقەیەکی دیکەی رۆکێتی S ٣٠٠ دەداتە رژێمی ئەســەد، ئەم هەڵوێستەی روسیاش بۆتە هۆکاری ئەوەی ئیسرائیل بێتە سەر خەت و وەزیری بەرگری ئیســرائیل راشکاوانە بڵێت ئەگەر روسیا ئەو ســەفقە رۆکێتە بداتە ســوریا ئەوە ئیسرائیل قسەی خۆی دەبێت و دەزانێت چۆن کاردانەوەی دەبێت.

## لوتکەی جنێڤ ٢
## کێشەی سوریای پێ چارەسەر ناکرێت

لەگەڵ ئەوەی هەندێك چاودێری سیاسی پێیانوایە لوتکەی جنێڤ ٢ دەبێتە هۆکارێك بۆ دابەشــبوونی سوریا، هەروەك چۆن لەدوای کۆتایی هاتنی شــەڕی دووەمی جیهانی، ئەڵمانیا دابەشــکرا و بەرلین کرا بە دوو بەشــەوە، ئەمەش مانــای ئەوەیە ســوریا جارێکی دیکــە جیهانی لە یەك جەمسەریەوە کردەوە فرە جەمســەری یان دوو جەمسەری نێوان روســیا و ئەمریکا، بە تایبەتیش کە ئێستا هەوڵەکان بە تەواوەتی لەنێوان جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و سێرجی لافرۆف وەزیری دەرەوەی روسیا کۆبۆتەوە، لەمەش گرنگتر وەك لە رووماڵی هەواڵەکاندا گوێبیســتی لێدوانە فەرمیەکانی روســیا دەبین لە زاری وەزیــری دەرەوەیەوە، هەســت دەکرێت کە روســیا بەتەواوەتــی وەك پارێزەرێك بەرگری لەمانەوەی رژێمی ئەسەد دەکات، هەر بۆ نموونە روســیا داوا دەکات بێجگە لەوەی بەشار ئەسەد دەسەڵاتی لەســەر سوپا و هێزەکانی ئاسایش و بانکەکانیش دەمێنێتەوە و ئەم دەســەڵاتانە ناگوازرێنەوە بۆ حکومەتی ئینتیقالی، هەروەها روسیا داوای کردووە کە دەوڵەتی ئێران لە پرۆسەی لوتکەی جنێڤ ٢ بەشدار بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە روسیا دەیەوێــت لە رێگەی لوتکەی جنێڤــی ٢ـەوە پارێزگاری بە رژێمی ئەســەدەوە بکات، لەبەرامبــەردا ئەمریکا ئەم بارودۆخەی پەسەندە و نایەوێت جارێکی دیکە بکەوێتە ناو تەنگژەیەکی هاوشــێوەی عێراق و ئەفغانستانەوە، ئەمەش دەرگای لەبەردەم روسیا واڵا کردووە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی دەســتێوەردان لەکاروباری ســوریا بکات و هەموو هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ چارەسەری کێشەی سوریا پەك بخات.

## فیتنەی شەڕی مەزهەبی
## ناوچەکە دەگرێتەوە

ئەگەر کێشەی سوریا بەم ئاراستەیە بڕوات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ســنوورێك بۆ کێشــەکە دانەنێت، ئەوا گەلی ســوریا لە گەلی یوغســلافیای سەردەمی ســلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی خراپتر بەسەر دێت و کارەساتێکی گەورەی مرۆیــی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی کە رژێمی ئەســەد بە دەســتپێکردنی تەقینەوەکانی لەناو شاری ریحانەی تورکیا ئاگــری ئەم فیتنەی هەڵگیرســاند و بــە تێکەڵاوبوونی حزبوڵا کێشەکە زیاتر ئاڵۆز بوو، لە ئێستاشدا کە لەهەندێ مینبەرەوە بانگێشەی ئەوە دەکرێت شەڕکردن دژی رژێمی ئەســەد، شــەڕە دژی مەزهەبی شــیعە، مانای ئەوەیە کێشــەکە لە کێشەی رژێمێکی دیکتاتۆرییەوە دەگۆڕێت بۆ کێشــەیەکی مەزهەبی خوێناوی، ئەوجــا لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتانی دراوسێی روســیا بە تایبەتی لوبنان و عێراق و ئێران و تورکیا، مەزهەبی شیعە و سوننە بوونی هەیە، بۆیە هیچ بەدوور نازانرێت ئەم کێشەیە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە و چارەنووسی ناوچەکەش بەرەو ئایندەیەکی نادیار بەرن.

**چاودێران سەردانەکەی مەکین بۆ ناوچەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناو سوریا بە سەرەتای گوشار خستنە سەر ئیدارەی ئۆباما دەزانن بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توندتر لەبەرامبەر سوریا وەربگرن**

**روسیا بەتەواوەتی وەک پارێزەرێک بەرگری لەمانەوەی رژێمی ئەسەد دەکات و داوا دەکات بێجگە لەوەی بەشار ئەسەد دەسەڵاتی لەسەر سوپا و هێزەکانی ئاسایش و بانکەکانیش دەمێنێتەوە و ئەم دەسەڵاتانە ناگوازرێنەوە بۆ حکومەتی ئینتیقالی**

**لەهەندێ مینبەرەوە بانگێشەی ئەوە دەکرێت شەڕکردن دژی رژێمی ئەسەد، شەڕە دژی مەزهەبی شیعە، مانای ئەوەیە کێشەکە لە کێشەی رژێمێکی دیکتاتۆرییەوە دەگۆڕێت بۆ کێشەیەکی مەزهەبی خوێناوی**

لۆرد مایكل ولیام هەتا ساڵی ٢٠٠١ نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخەری تایبەتی لوبنان بووە، پێشتریش هەتا ساڵی ٢٠٠٦ ڕێكخەری تایبەتی نەتەوە یەكگرتووەكان بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە حكومەتی بەریتانیاشدا، لۆرد ولیامز ڕاوێژكاری تایبەتی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە لە هەردوو وەزارەتی جاك سترۆ و ڕۆبین كوكدا، لۆرد مایكل لە دوای تەواوبوونی كارەكەی لە نەتەوەیەكگرتووەكان و حكومەتی بەریتانیا ماوەی ٢ ساڵە یەكێكە لە توێژە دیارەكانی ئامۆژگای بەناوبانگی چاتام هاوس و تایبەتمەندە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەكگرتووەكان، بۆ قسەكردن لەسەر ڕەوشی ئێستای سوریا، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ لۆرد مایكل ولیامز ئەنجامداوە كە ئەمە دەقەكەیەتی.



## لۆرد مایكل ولیامز ((دیپلۆماتكاری بەریتانی)) بۆ گوڵان:

# پشتگیری حزبوڵڵا بۆ ڕژێمی ئەسەد مەترسیەكی ڕاستەقینەی دروستكردووە و كێشەكەی هێندەی دیكە ئاڵۆز كردووە

*** لەگەڵ نزیكبوونەوە لە بەستنی كۆنفرانسی جنێڤی دوو بۆ چارەسەركردنی كێشەی سوریا و هەوڵدان بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی ئینتیقال بۆ ئەوەی خەڵكی سوریا بڕیار لە ئایندەی خۆیان بدەن، ئێستا دەبینین كە نەتەوەكە بۆتە قوربانی، پرسیارەكە ئەوەیە تا چەند كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە سوریەكان لەم قەیرانە كارەساتاویە ڕزگاربكات؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، ئەمە قەیرانێكی مەترسیدارە و خەڵكی سوریا باجێكی زۆر زۆر قورس دەدەن. ئەمڕۆ گوێم لە ڕاپۆرتێكی بی بی سی بوو لەبارەی شارۆچكەی قەسەیرەوە، كە مایەی مەترسی بوو كە ژمارەیەكی زۆری خەڵك كوژراون و بریندار بوونە. بە دڵنیاییەوە ئێمە بەرەو كۆنفرانسی جنێف دەچین و ئومێدی ئێمە ئەوەیە سەركەوتنێكی لێبكەوێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم كە زەحمەتە گەشبین بیت لەو ڕووەوە، پێموایە دەبێت كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر چالاك بێت، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەم شەڕە پێیناوەتە ساڵی سێیەمەوە و ناكرێت خەڵكی سوریا جێبهێڵین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو هەموو سەركوتكاریە ببنەوە لەلایەن ڕژێمەكەی ئەسەدەوە.

*** چوونی سیناتۆر جۆن مەككین، بۆ نێو ئەو خاكانەی سوریا كە لە ژێر كۆنترۆڵی موعارەزەدا، هەنگاوێكی گرنگە بەلای ئیدارەی ئەمریكاوە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی كۆمارییە و ڕەخنەیەكی زۆر لە ئیدارەی ئۆباما دەگرێت و ئیدارەی ئۆباماش ڕایگەیاند كە ئاگاداری ئەو سەردانە بووە، واتە وەك سەردانێكی ڕەسمی بووە، تا چ ڕاددەیەك ئەمە پەیامێكی ئەمریكایە بۆ سوریا؟**

- پێموایە ئاماژەیەكی گرنگی نارد، مەككەین یەكێكە

لە گرنگترین سیاسەتمەدارە ئەمریکیەکان و بە دڵنیاییەوە ئەو پاڵێوراوی کۆماریەکان بوو بۆ سەرۆکایەتی لە دوا هەڵبژاردنی ئەمریکادا، کەسێکە ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت لە دەرەوەی ئەمریکا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوە پێموایە سەردانەکەی هەندێ کاریگەری دەبێت و فشاری زیاتر لەسەر ئیدارەی ئۆباما دروست دەکات بۆ ئەوەی پتر چالاك بێت لە ئاست پرسی سوریادا.

*** لە کاتێکدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵدەدرێت بۆ ئەوەی کێشەی سوریا بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەوا حزبوڵڵای لوبنانی بۆتە بەشێك لە هێزەکانی سوریا و شەڕی نەتەوەی سوریا دەکات و حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی ئەو حزبەش ڕایگەیاند ئەوان بەشێکن لە شەڕەکە، ئایا تا چەند بەشداری ئەم حزبە لە شەڕەکەدا بارودۆخەکە خوێناویتر و ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و من پێموایە تێوەگلانی حزبوڵڵا هەنگاوێکە مایەی نیگەرانییەکی زۆرە و بە ڕاددەیەکی زۆر بارودۆخەکە دژوارتر دەکات، بۆ ماوەیەك حزبوڵڵا ڕۆڵێکی پەراوێزی هەبوو لە سوریا، بەڵام لە ماوەی چەند مانگی ڕابردودا زۆر چالاکانە تێوەگلاوە، بە تایبەتی لە شەڕی قوسەیردا، کەبەلای کەمەوە دوو هەزار چەکداریان بۆ تەرخان کردووە، و هەندێ کەس دەڵێن لەوەش زیاتر. ئەمە مایەی ناڕەحەتیەکی زۆرە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ئیقلیمی. بەم دواییە لە لوبنان بووم لە بەیروت، و سیاسیەکان زۆر نیگەران بوون لە تێوەگلانی حزبوڵڵا لە شەڕی سوریادا، کە ترسیان هەیە لەوەی وڵاتی لوبنانیش ڕابکێشرێتە ئەم شەڕەوە، هەندێ ڕووداویش ڕوویانداوە، بە تایبەتی لە شاری تەرابلوس لە نێوان شیعە و سوننەدا. پێموایە تێوەگلانی حزبوڵڵا مایەی داخێکی زۆرە و مەترسیەکی زۆرە و دەبێتەهۆی ئەوەی شەڕەکە زیاتر دژوار بێت.

*** سەرۆکی سوپای سوریای ئازاد هۆشداریدا بە حکومەتی لوبنان کە ئەگەر چەکدارەکانی حزبوڵڵا لە سوریا نەکشێننەوە، ئەوا شەڕ دەبەنە لوبنانەوە، ئایا تا چەند ئەمە مایەی هەڵگیرسانی شەڕێکی هەرێمایەتی دەبێت؟**

- انشاللە ئەمە ڕوونادات، کەس نایەوێت ئەم شەڕە بەرفراوان بێت، بەڵام پێموایە ئێستا ئەو مەترسیە، مەترسیەکی زۆر ڕاستەقینەیە و ڕەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆری چەکدار لەلایەن حزبوڵڵاوە بۆ سوریا، ڕەفتارێکی زۆر ئیستفزازیە و ڕەنگە هەندێ کاردانەوەی لێبکەوێتەوە لە ناو سوریادا، لەلایەن موعارەزە، هەروەها لە لوبنانیش، لەبەر ئەوەی چەند پارت و گروپی هەن لە لوبنان، مەسیحی و سوننی و ئەوانی دیکە کە زۆر زۆر ناڕەحەتن بەو کارەی ئێستا کە حزبوڵڵا دەیکات.

*** یەکێتی ئەوروپا بڕیاری هەڵگرتنی گەمارۆی چەکی داوە کە لە ١ی حوزەیرانەوە جێبەجێ دەکرێت و روسیاش بەم بڕیارە خۆشحاڵ نییە و موشەکی S٣٠٠ داوە بە ئەسەد، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کێشەکە ببێتە قەیرانێکی ئیقلیمی، لەبەر ئەوەی ئیسرائیل دژی ئەم هەنگاوەی روسیایە، هەروەها تورکیاش پەیوەندیەکی ئاڵۆزی لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد هەیە بە تایبەتی دوای تەقینەوەکانی شاری ڕەیهانە کە لەلایەن ڕژێمەکەی ئەسەدەوە ئەنجامدرا، تا چەند مەترسی شەڕێکی ئیقلیمی بەربڵاو دەکرێت و هەموو لایەك ڕادەکێشرێنە ئەو شەڕەوە؟**

- پرسیارێکی زۆر باشە، بڕوانن تەنیا لە ماوەی مانگی ڕابردودا شەڕەکە چەند بە شێوەیەکی مەترسیدار تەشەنەی کردووە، سەرەتای هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر ئامانجەکانی حزبوڵڵا و ئامانجەکانی سوریا لە دەوروبەری دیمەشق، دواتر تەقینەوەکانی ڕەیهانی لە تورکیا و ئینجا ڕاگەیاندنی حزبوڵڵا کە شەڕ دەکات لە سوریادا، هەموو ئەمانە بە ئاڕاستەیەکی مەترسیداردا دەڕۆن. روسیا جەختی لەوە کردۆتەوە کە موشەکی S٣٠٠ دەداتە سوریا، و بە دڵنیاییەوە ئیسرائیل ئەمە بە کارێکی زۆر ئیستفزازی دەزانێت، کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە- خوا ئەمە نەکات- ئەوانیش لەم شەڕەوە تێوەبگلێن، لەبەر ئەوە ئێمە لە ڕۆژگارێکی مەترسیداردا دەژین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** لە پەیوەندیدا بە کۆنفرانسی جنێف دوو، دەبینین روسیا بەربەست دروست دەکات، بۆ نموونە داوای نوێنەرایەتی ئێران دەکات و داوا دەکات موعارەزە نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان لە خۆبگرێت، ئایا پێتانوانییە روسیا دەیەوێت پێش بەستنی کۆنفرانسەکە شکستی پێبهێنێت؟**

- من دڵنیانیم لەوەی هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا، دابەشبوونێك هەیە لەبارەی بەشداری ئێرانەوە لە کۆنفرانسی جنێف، ئەمریکا پەرۆش نییە لەبارەی ئەم بیرۆکەیەوە، هەروەها هەندێ وڵاتی عەرەبی وەك سعودیە و ئیمارات و هتد خۆشحاڵ نین پێی. بەڵام هەندێ لە وڵاتە ئەوروپیەکان پێیان باشە ئێران لە کۆنفرانسەکەدا بەشداری بکات، نەك تەنیا روسیا، بەڵکو ڕەنگە ئەڵمانیا و تەنانەت هەندێ بەرپرس لێرە لە بەریتانیا. ترسیان لەوە هەیە کە ئەگەر ئێران لە کۆنفرانسەکەدا بەشداری نەکات، ئەوا پتر دوژمنکارانە ڕەفتار دەکات و لە کۆتاییدا دەبێت ببێتە بەشێك لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە مەترسیدارە.

**دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر چالاك بێت، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەم شەڕە پێیناوەتە ساڵی سێیەمەوە و ناکرێت خەڵکی سوریا جێبهێڵین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو هەموو سەرکوتکاریە ببنەوە لەلایەن ڕژێمەکەی ئەسەدەوە**

**ڕەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆری چەکدار لەلایەن حزبوڵڵاوە بۆ سوریا، ڕەفتارێکی زۆر ئیستفزازیە و ڕەنگە هەندێ کاردانەوەی لێبکەوێتەوە لە ناو سوریادا، لەلایەن موعارەزە، هەروەها لە لوبنانیش**

**ئەگەر ئێران لە کۆنفرانسی جنێف دوو بەشداری نەکات، ئەوا پتر دوژمنکارانە ڕەفتار دەکات و لە کۆتاییدا دەبێت ببێتە بەشێك لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە مەترسیدارەی سوریا**



# بۆچی حزبوڵڵا بەرگری لە رژێمی ئەسەد دەکات؟



دەیڤید رۆمانۆ*

دوای دامەزراندنی بزووتنەوەکە لە ساڵی ١٩٨٣دا، هەمیشە سەرکردەکانی حزبولڵا خۆیان وەك پارێزەری لوبنان و «بەرگری نەتەوەیی» دەخستەڕوو. دوای ئەوەی ئیسرائیل پرۆسەی کشانەوەی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە لوبنان تەواو کرد، بزووتنەوەکە بە دوای بیانویەکدا دەگەڕا بۆ هێشتنەوەی میلیشیا چەکدارەکەی. هەوڵیاندا پاساوی ئەوە بهێننەوە کە هێشتا بەشێکی بچووکی خاکەکە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ئیسرائیلدایە- - مەبەستیان لە کێڵگەکانی شەبعا بوو- و بانگەشەی ئەوەیان کرد خاکێکی لوبنانیە نەك سوری. ئەگەرچی نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی سوریا خۆی بۆچوونی پێچەوانەیان هەبوو. بەڵام پرسەکە بیانویەکی دایە دەست حزبولڵا بۆ هێشتنەوەی هێزە چەکدارەکانی. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئەم خاکانەیان وەك پێگەیەك بۆ پەلاماردانی ئیسرائیل بەکارهێنا و کارێکیان کرد ئیسرائیل هێرشێکی کاولکار بکاتە سەر لوبنان، کە هیچ پێویستی نەدەکرد ئەمە رووبدات. دواتر چەکدارەکانیان بەکارهێنا بۆ ناچارکردنی وەلید جونبولات، سەرکردەی دروزی لوبنانی، بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧دا بچێتە پاڵ حکومەتەکەیان.

هەرچۆنێك بێت، دوایین سەرکێشی حزبولڵا، بە راستی درۆکەیان دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوە، درۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی رزگاریخوازن. بەوەی تەواوی هێزەکانی خۆیان خستۆتە خزمەتی رژێمەکەی ئەسەدەوە تاوەکو هاوکاری بکەن لە کپکردنی ئەو شۆڕشەی لە سوریادا هەیە. حزبولڵا، لوبنانی راکێشاوەتە نێو شەڕێکی دیکەوە. رۆژانە لەسەر ئاستێکی بچووك شەڕکردن لە تەرابلوس، باکووری لوبنان، لە نێوان شیعە و سوننەدا بەردەوامە.

گردبوونەوەی حزبولڵا بۆ پشتیوانیکردنی رژێمەکەی ئەسەد لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدایە، ئەویش بۆ ئەوەی رێگای ژیانی خۆی بپارێزێت، رێگای دابینکردنی چەك و پشتیوانی لە سوریا و ئێرانەوە. لە پرۆسەکەدا، ئەوان قوربانی بە بەرژەوەندی، و ئاسایش و یەکێتی نەتەوەیی لوبنان دەدەن. پێدەچێت بزووتنەوەیەکی بەرگری کە دوژمنی نەمابێت زۆر بە خێرایی بگۆڕێت بۆ هێزێکی سەرکوتکار لە وڵاتەکەی

* مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



خۆیدا، و هاوکاری سەرکوتکاران بکات لە دەوڵەتە دراوسێکاندا بۆ کومەڵکوژکردنی عەرەبە سوننەکان. ئێمە ناتوانین شتێکی دیکە چاوەڕوان بکەین لە پارتێکی سیاسی کە ئامادەی دەستبەرداربوون نییە لە میلیشیاکەی، دوای ئەوەی هیچ پاساوێکی بەدەستەوە نەماوە بۆ هێشتنەوەیان.

ئەگەر وەك دەرئەنجامی هاوکاری حزبوڵا، رژێمەکەی ئەسەد رزگاری بێت، ئەوا دەتوانین نەك پێشبینی نەمانی هەر سەربەخۆییەکی لوبنان بکەین، بەڵکو دەتوانین پێشبینی ئەوەش بکەین کە کار بۆ ئەوە بکرێت کوردەکانی سوریاش لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بێبەش بکرێن. بە هاوکاری یان بێ هاوکاری حزبوڵا، ئەوا رژێمەکەی ئەسەد لە کۆتاییدا هەوڵی دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی کوردستانی سوریا دەدات. گومانی تێدانییە ئەم گاڵتەجاڕیە یەخەی حەسەن نەسروڵا و سەرکردەکانی دیکەی حزبوڵا دەگرێتەوە. ئەوان پشتیوانی فەلەستینیەکان دەکەن و شەڕ لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا دەکەن وەك بەشێك لەو شەڕەی پێی دەڵێن بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و پشتیوانیکردن لە مافی بڕیاردانی چارەنووس. کاتێك مەسەلەکە دێتەسەر کوردستانی رۆژئاوا، ئەوا ئیمپریالیزمی عەرەبی سوری باشە و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کوردەکان خراپە.

رەنگە پرسیاری ئەوە بکەن، ئەمە چ جۆرە بزووتنەوەیەکی رزگاری نەتەوەییە کە بەم شێوەیە رەفتار دەکات؟ هەمان ئەو بزووتنەوەیەی کە خەڵکانی خۆی دەنێرێت بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو بە دوژمنەکانیاندا بتەقێنێتەوە لە لوبنان. هەمان ئەو بزووتنەوەیەیە کە گەشتیارە مەدەنیە ئیسرائیلەکان لە بولگاریا و قوبرس دەکاتە ئامانج، هەروەك ئەوەی بەم دواییە بینیمان. هەمان بزووتنەوە کە سەنتەرێکی جولەکە لە بوینەس ئایرەس دەتەقێنێتەوە. لە بنەڕەتدا، بزووتنەوە دڵڕەق و نائەخلاقیەکان بەم شێوەیە رەفتار دەکەن، و واوەیلا بۆ ئەو جیهانەی ئەگەر ئەمانە بە تەواوەتی دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنەدەست تێیدا.

بەڵام رەنگە پرسیاری ئەوە بکەیت، ئایا هەموو گرووپە شۆڕشگێڕیەکان، «بزووتنەوەکانی رزگاری نەتەوەیی» یان یاریزانە سیاسیە گرنگ و گەورەکان هەمان دڵڕەقی نانوێنن؟ نەخێر، هەموویان وانین. سەرەڕای ساڵانی پڕ ئێش و ئازاریان لە خەباتیاندا دژی رژێمە خۆسەپێنە یەك لە دوای یەکەکان بەغدا، هەرگیز پارتە کوردیەکانی عێراق، مەدەنیە عەرەبەکانیان نەکردە ئامانج. هەرگیز نەکەوتنە تەڵەی بەکارهێنانی زمانی رق و قین و جیاکاری ئیتنی لە دژی عەرەبەکان. سەرەڕای ساڵانی پشتگوێخستنێکی نێودەوڵەتی کەللەڕەقانە لە ئاست نەهامەتی کوردەکان لە عێراق و شوێنەکانی دیکەدا، هەرگیز نەمانبینی کوردێك رەوانەی قوبرس، ئەڵمانیا، یان هەر شوێنێکی دیکە بکرێت، کە پشتێنەی تەقەمەنیان بەستبێت و شەڕخوازیان لە هزردا بێت. تەنیا ئەو پارتە کوردیانەی عێراق، کە مەدەنیەکانیان کردە ئامانج، جیهادیەکانی ئەنسار و ئەل ئیسلام بوون، یان بزووتنەوە ئیسلامیە رادیکاڵە هاوشێوەکان بوون-، بەڵام ئەمانە پێش هەموو شتێك ئیسلامیستی سیاسی بوون و بە رێککەوت کورد بوون.

بە داخەوە، زۆرێك لە رکابەرکانی رژێمەکەی ئەسەد ئیسلامیستی سیاسی لە جۆری ئەنسار ئەل ئیسلامن، کە ناوی وەك جەبهەت ئەل نەسرەیان هەڵگرتووە لەبری -ئەنسار ئەل ئیسلام- لەڕاستیدا ئەوان باشترنین لە ئەسەد یان حزبوڵا، و تەنانەت رەنگە خراپتربن. ئەمەش وا دەکات کورد و زۆربەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەزانن چی بکەن لەبارەی سوریاوە و پشتیوانی کێ بکەن. پێدەچێت چەند کەسێکی کەم هەبن کە «کەسانی باش» بن و گرنگیان هەبێت کە بشێن پاڵپشتیان بکرێت لەم شەڕەی ئێستادا. لە سایەی ئەم هەل و مەرجەدا، رەنگە ماقوڵترین کاردانەوە، کاردانەوەی زۆربەی کوردەکانی سوریا بێت بە وتنەوەی ئەوەی «با ئەوانەی چەکیان بەدەستەوەیە یەکتر شەکەت بکەن، و با ئومێدی ئەوە بخوازین ژمارەیەکی زۆری بێتاوانەکان نەکوژرێن لەم شەڕەدا. لە سەرووی هەموویەوە، با هیوای ئەوەمان هەبێت کە لایەنی سەرکەوتوو، ئیتر هەر کەسێك بێت، توانا و هێزی ئەوەی نەبێت شوێنمان بکەوێت.»

*** ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

**حزبوڵا، لوبنانی راکێشاوەتە نێو شەڕێکی دیکەوە. رۆژانە لەسەر ئاستێکی بچووک شەڕکردن لە تەرابلوس، باکووری لوبنان، لە نێوان شیعە و سوننەدا بەردەوامە**

**ئەگەر وەک دەرئەنجامی هاوکاریی حزبوڵا، رژێمەکەی ئەسەد رزگاری بێت، ئەوا دەتوانین نەک پێشبینی نەمانی هەر سەربەخۆییەکی لوبنان بکەین، بەڵکو دەتوانین پێشبینی ئەوەش بکەین کە کار بۆ ئەوە بکرێت کوردەکانی سوریاش لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بێبەش بکرێن**


GAME
OVER

# تارمایی تینوێتی و بەئیخوانکردنی رۆشنبیری.. میسری کاولکرد



## ئەسما حوسەینی/قاهیرە

لە ئێستادا میسر بەدەست ناکۆکی و ململانێگەلێکی سەخت دەناڵێنێت،ئەویش لە ئاکامی حاڵەتی کێشمەکێشی سیاسی و قەیرانی ئاڵۆزی ئابووری لەسایەی حوکمی رەوتی ئیسلامی کە بەردەوام هەوڵ دەدات تاکرەوی پیادەبکات و بە بیانووی سەندوقەکانی هەڵبژاردنەوە مەرامە سیاسیەکانی بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنێت،ئەمەش لەلایەن لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە رەت دەکرێتەوە،ئەو رەوتە ئیسلامییە وای لێهاتووە کە ململانێیەکی زۆر توند دروست بکات نەك هەر لەگەڵ حزب و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەڵکو لەگەڵ دادوەرو رۆشنبیرو خەڵکی سادەوساویلکەی سەر شەقام کە هەمیشە رەخنەو گلەیی ئاراستەی دەسەڵات دەکات لەبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و دابەزینی ئاستی بژێوی و نەخاسما مەترسیی کەمبوونەوەی ئاو کە سەرچاوەی ژیانی میسرییەکانە دوای ئەوەی ئەسیوبیا بەنداوی (النهضة) ی دروستکرد کە بەشەئاوی رووباری نیلی کەمکردەوەو تارمایی تینوێتی هێنایەئاراوە.

تا ئێستا ناکۆکی لەسەر هەردوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ودەستپێکردنی مافە سیاسییەکان مایەی مشتومڕی میسرییەکانە،دوای ئەوەی بەر لە سێ مانگ دادگای دەستووری حوکمی دەرکرد بە نادەستووریی ئەو هەردوو یاسایە هەروەها دادگای باڵای ئیداری بڕیاری دا بە جارێکی دیکە گەڕاندنەوەی پرۆژەی ئەو یاسایانە بۆ دادگای دەستووری و راگرتنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی نوێنەران کە مورسی بانگەشەی بۆکرد، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەنجومەنی شورا کە زۆرینەی ئیسلامین دووپرۆژەی نوێی ئامادەکرد، ئینجا دادگای دەستووری جارێکی دیکە

**دادوەران داوای پەناگیرییەکی کراوەیان کرد لە دژی رەفتاری نارەوای دەسەڵاتی یاسادانان و دووپاتیان کردەوە کە بەپێی دەستوور ئەوان دژی بە ئیخوانکردنی دەزگای دادوەرین**

بڕیاری دا بە نادەستوورییەتی هەندێ لە ماددەکانی ئەو دوو یاسـایە، بە تایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە یاساغ کردنی بەکارهێنانی دروشمی ئایینی و دابەشکردنەوەی کورسییەکان لە بنکەکانی هەڵبژاردن لـە پارێزگاکاندا و مافی پۆلیس سوپا کە بەشداربن لە هەڵبژاردنەکاندا،ئەمانە مشتومڕێکی فراوانیان لەنێو کۆمەڵگەدا هێنایە ئاراوە.

لەم رووەوە چالاکوانی ماف و ئەمینداری گشتیی رێکخراوی میسـری بۆ مافی مرۆڤ حافز ئەبو سەعدە دەڵێت:مافی دەنگدانی پۆلیس و سوپا دیاردەیەکی هاووڵاتیبوونە، هەروەها دەستووری میسـر هیچ کەس لە مافە بنەڕەتییەکانی بێ بەش ناکات.

دکتۆر عەمرو حەمزاوی سـەرۆکی حزبی میسریی ئازادی و ئەندامی بەرەی ئینقازپێی وایە کە هەڵوێسـتی دادگای دەسـتووری دروسـتە لەوەی کە قەدەغەکردنی ئەفسەرانی سـوپاو پۆلیس لە دەنگدان کارێکی نادەسـتوورییە،چونکە بە پێی دەسـتووری ٢٠١٢ نابێ لە دەنگدان بێبەش بکرێن چونکە ئەوانیش هاووڵاتی بنەڕەتی ئەم وڵاتەن،بۆیە ئەوەی شورا کردی کارێکی نابەجێ و نادەستوورییە.

لەبەرامبـەردا رەوتـە ئیسـلامییەکان بڕیارەکەی دادگای دەسـتووریان رەتکردووە کە ماف بە سوپا دەدات بەشداری لە هەڵبژاردنەکانـدا بکەن و بە بڕیارێکی نارەوای دادگاکەیان لەقەڵەم دا،هەروەها بەردەوامیی رۆڵی سیاسیی و میتۆدی دوژمنکارییانەیـە دژی سیسـتەمی ئیسـلامی،دکتۆر محەمەد بلتاجی سـەرکردە لە حزبی ئـازادی و دادوەری دەڵێت:هەڵەیەکـی گەورەیە لە دادگای دەسـتوورییەوە بە بەشـدارپێکردنی سوپاو پۆلیس لە کاری سیاسیدا و ناکرێ ئەم دادگایە دەسـت لە کاروباری سیاسـی وەربدات دوای ئەوەی پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە.

سوبحی سـاڵح ئەندامی ئەنجومەنی شورای سەر بە حزبی ئازادی و دادوەری دەڵێت:ئەگەر ئەفسەرانی پۆلیس و سوپا بچنە شـارەکانیان بە مەبەسـتی دەنگـدان ئەدی کێ ئەم وڵاتە بپارێزێت؟ بەم شـێوەیە ئەم وڵاتە لەدەسـت دەدەین،لە کاتێکدا کە لاوانی ٦ی ئیپریـل دووپاتیان لە رەتکردنەوەی تەواویان کردەوە سـەبارەت بە تێوەگلاندنی سوپاو پۆلیس لە کێشمەکێشـی سیاسیی ئێستای وڵات لەرێی پێدانی مافی دەنگدانەوە.

جا بۆ دەربازبوون لەم مشتومڕە هەندێ فوقەهای دەستووری پێشنیاریان کرد راپرسییەکی میللی ئەنجامبدرێت سەبارەت بە بەخشینی سەربازو پۆلیس لە دەنگدانی پەرلەمانی،بەڵام لەهەمان کاتدا دەنگدانی سـەرباز وپۆلیس دەبێتە لوغمێکی تازە لەسـەر گۆڕەپانی سیاسـیی میسـر،بە تایبەتیش لە پەیوەندیـدا بە بانگەوازی پەنابردن بۆ سـوپا بە هاتنە نێو سیاسەت و رزگارکردنی وڵات لە حوکمی ئیخوان.

ململانێیەکە زیاتر لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەنجومەنی شورا نوێنەرایەتی دەکات و لە نێوان دەسەڵاتی دادوەری پەرەی سەندووە،چونکە لەگەڵ سووربوونی ئەنجومەنی شورا لەسەر گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرۆژەی یاسای تازەی دەسەڵاتی دادوەری کـە باس لە کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشـینی دادوەران دەکات بۆ شەسـت ساڵ کە مانای ئەوەیە وڵات لە دەستی سێ هەزار دادوەر قورتاری بێت،ئەمەش هەوڵدانێکی ئاشکرای بە ئیخوانکردنی دادگایە،بۆیە دەبینین کە دادوەران نارازین بەرامبەر ئەم پرۆژەیە و بە دەسـەڵات سـەپاندن و شـێواندنی سـەربەخۆیی دادگاو حوکمی دەوڵەتی یاسایان لەقەڵەم دا،دادوەران بەسـەرۆکایەتی راوێژکار ئەحمەد زەند ئەم بانگـەوازەی راگەیاندوکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی گرێدا تایبەت بە دادوەری لە میسـر بە مەبەستی بەدەوڵەتکردنی کەیسەکە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی شورا پرۆژەکەی خسـتەگفتوگۆوەو بـێ گوێدانە کۆنگـرەی دادوەری کە سەرۆك مورسی داوای کرد، دادوەران داوای پەناگیرییەکی کراوەیان کرد لە دژی رەفتاری نارەوای دەسەڵاتی یاسادانان و دووپاتیـان کردەوە کە بەپێی دەسـتوور ئـەوان دژی بە ئیخوانکردنی دەزگای دادوەرین.

لەلای خۆیشیەوە دکتۆر محەمەد مەحسوب جێگری سەرۆکی حزبی وەسەت کە سـەرچاوەکەی ئیسلامییەوو هاوپەیمانی ئیخوانـە و پرۆژە یاسـاکەی پێشـکەش بـە ئەنجومەنی شـورا کردووە دووپاتی کردەوە کە حزب پاشـگەزنابێتەوە لە گفتوگۆکردن لە سەر یاسای دەسەڵاتی دادوەریی ئەنجومەنی شورا.بەڵام حزبی سەلەفیی نور و بە پێچەوانەی زۆری ئەو کەیسانە هەڵوێستێکی دژ بە ئیخوان لەم پرۆژەیەدا گرتەبەر و پشتیوانی لە دادوەران کرد،بۆ ئەم مەبەستە ئەندازیار ئەشرەف سابت جێگری سەرۆکی حزبی سەلەفی نور دەڵێت:پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای تەواوکاری وەستاوە لە پێناو پارێزگاری کردن لە دەستاودەسـت کردنی دەسەڵات پرەنسیبی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان،دووپاتیشی کردەوە کە ئەمە تەنیا بە سـەربەخۆیی کردنی دەسەڵاتی دادوەری دێتەدی،ئا بەم شێوەیە شەڕەکە ئاڵۆزتر و توندتر دەبێت لە نێوان هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریدا،لە ئاکامی هەوڵی رەوتی ئیسلامی بۆ دەستگرتن بەسەر دەزگاکانی دەوڵەت و دادوەریدا ئەمەش لە تۆڵەسەندنەوەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان دوای ئەوەی پەرلەمانی هەڵوەشـاندەوە کە ئیسـلامییەکان دەسەڵاتیان بەسەردا سەپاندبوو.

بیرۆکـەی (یاخیبوون)کە ژمارەیەك گەنج دژی سـەرۆك مورسـی رایانگەیاند بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر بەمەبەستی کۆتایـی هێنان بە حوکمەکەی لە ٣٠ی یۆنیۆی داهاتوو و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی،وردەوردە پـەرەی سـەندووەو توێژێکی زۆری گەلی میسـر هاتنە پاڵییەوە،کە توانیان پتر لە ٧ ملیۆن ئیمزا کۆبکەنەوە بۆ متمانە سەندنەوە لە مورسی،ئەوان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا

رایانگەیاندبوو کە دەیانەوێت لە ماوەی کەمتر لە مانگێك ١٥ ملیۆن ئیمزا کۆبکەنەوە کە لە ١٣ ملیۆن زیاتر بێت کە ژمارەی ئەو دەنگانەیە مورسی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەدەستی هێناون،لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵی ئیخوان موسلمین و باڵە سیاسییەکەی حزبی ئازادی و دادوەری ئەو بزووتنەوە یاخیبووەی رەتکردەوە و بە دەرچوون لە شەرعیەت لەقەڵەمی دا،بەڵام رەوتە ئیسلامییەکانی دیکەی وەکو حزبی نور و میسری بەهێز،بە گوزارشتکردنی ئاشتییانەیان لە بیرورِا و رەخنەگرتن لە سیاسەت و ئەدای ئیخوان موسلمینی هەژمارکرد، عەبدولمونعم ئەبو لفتوح سەرۆکی حزبی میسری بەهێز دەڵێت: ئەوانەی لە گەلی میسر و ئەندامانی بزووتنەوەی یاخیبوون هاتنە سەرشەقام و رژێمی ئێستایان رەتکردەوە ئەوانە بەشێکن لەوانەی دژی رژێمی موبارەك راپەڕین و نەیانهێشت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە،بەڵام حازم ئەبو ئیسماعیل سەرۆکی حزبی رایەی تازە دامەزراو و هاوپەیمانی ئیخوان هەموو بزاڤێکی سیاسی و شۆڕشی ئێستای گۆڕەپانی بە دەستەودایەرەو پاشکۆی رژێمی پێشوو لەقەڵەم دا و وتی: یاخیبووان هیچ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشەوە نییە و ئەوەیشی کە بە ٣٠ی یۆنیۆی داهاتوو ناویان لێناوە تاوانێکی ئاشکرایە و یاساش لێپرسینەوەی لێدەکات.

قەیرانەکانی میسر تەنیا لە ناوخۆ نەوەستاون بەڵکو بۆ دەرەوەش پەلیان هاویشتووە دوای ئەوەی ئەسیوبیا بەنداوی (النهضة)ی دامەزراند و ریڕەوی نیلی شینی گۆڕی،کە ئەمەش بووە مایەی مشتومڕ لە میسر دەربارەی مەترسی و ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەم پرۆژەیە،شارەزایان دەڵێن کە ئەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی بەشەئاوی میسر کە ٥٥ ملیار مەتر سێجایە،هەروەها پلەی سەلامەتی بەنداوەکە ١,٥ —پلەیە لە کاتێکدا هی سەددی عالی دەگاتە ٨ پلە،ئەوەش مانای وایە لە حاڵەتی دارِمانی بەنداوی (النهضة) خەرتووم ژێر ئاو دەکەوێت و قەیرانی تینوێتیش لە میسر دروست دەکات،عەمرو موسا سەرۆکی کۆنگرە و سەرکردەی بەرەی ئینقاز دەڵێت:پرۆژەی ئەسیوبیا بۆ گۆڕینی ریڕەوی نیلی شین وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ریڕەوی رووباری نیل و داوای لە ئەسیوبیا کرد بەرژەوەندییەکانی میسر رەچاوبکات، باڵیۆز عومەر عامر وتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی کۆمار دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو بڕیارەی ئەسیوبیا بۆ گۆڕینی ریڕەوی رووباری نیلی شین و دروستکردنی بەنداوەکە کاری سلبی ناکاتە سەر بڕی ئەو ئاوەی دەگاتە میسر.

رۆشنبیرو هونەرمەندانی میسریش خۆپیشاندانیان سازکرد لە دژی بە ئیخوانکردنی رۆشنبیری و هونەری میسری و دامەزراندنی عەلا عەبدولفەتاح بە وەزیری تازەی رۆشنبیری کە بە رەفتارەکانی دژی رۆشنبیران گوزارشت لە دوژمنایەتیکردنی داهێنەرو رۆشنبیران دەکات.



عەمرو موسا:

## پرۆژەی ئەسیوبیا بۆ گۆڕینی ریڕەوی نیلی شین وەرچەرخانێکی مێژووییە داواشی لە ئەسیوبیا کرد بەرژەوەندییەکانی میسر رەچاوبکات



عەمرو حەمزاوی:

## هەڵوێستی دادگای دەستووری دروستە و قەدەغەکردنی ئەفسەرانی سوپاو پۆلیس لە دەنگدان کارێکی نادەستوورییە

بەهەدەرنەدانی مرۆڤ

# بەکارخستنی توانا و بەهرەکان.. گەشەکردن و هەستکردنە بە ئینتیما



نەوزاد جەمال*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەبێ دوودڵی (وزەی مرۆیی) گەورەترین و بەنرخترین وزەیە، هاوکات بەهادارترین سەرمایەو سامانیشە. چونکی سەرچاوەو سامانە سروشتییەکان بێ ئەو، تەنیا وزەیەکی ماددیی بێ گیان و رەق و تەقن. ئەوە هزرو ژیرییە کە لە ئەنجامی پێگەیشتنی زانستی و تێگەیشتنی دروستدا ئەو سامانە بەگەڕدەخات و لەپێدراوێکی سروشتی خەوتووە، دەیگۆڕێ بۆ پێدراوێکی زیندووی بەکەڵکی ژیان.

**واقیعی مرۆیی ئێمە**

لێرەدا نامەوێ لەپشت گوتاری رەشبینییەوە دادوەریی بکەم و ناشمەوێ بە گەشبینی ساویلکانە بیربکەمەوە، بەڵام راستییەک هەیە کە دەبێ بووترێت: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە «هەدەردانی مرۆڤ» هەیە بەشێوەی جیاواز. واتە لەبەر رۆیشتنی مرۆڤ وەک سەرچاوەو وزەیەکی رۆحی لەئارادایە. دیارە ئەمەش نەک لەبەرئەوەی مرۆڤ بێ نرخە، بەڵکو بەهای مرۆڤبوون لە دامەزراوەو ژیانی کۆمەڵایەتیماندا رێکنەخراو و بێ پلانە. بەهای مرۆڤبوون لە سیاسەتی گشتی بەڕێوەبردندا بەهێز نییە. سەرەڕای راستیەکی ئاشکرا کە ئێمە وزەو سەرچاوەی سروشتی <ژێرزەویی و سەرزەویی> باش و تارادەیەک بێ کەموکورتمان هەیە. بەڵام وزەی ئەقڵیی و ستراتیژیەتییەکە جێگەی پرسیار و قسە لەسەرکردنە. ئیدی کێشەکە ئەوەیە کە جۆرێک لە بەفیڕۆدان و بەهەدەرچوون هەیە لەو سەرمایە مرۆییەدا.

دیارە لێرەدا مەبەست لە بەفیڕۆچوون تەنیا لایەنی سامانە مرۆییەکەیە، چونکی بەهەدەرچوونی سەرچاوە سروشتییەکان، دەرئەنجامی ئەوەی یەکەمە. بە دەربڕینێکی دیکە، بەفیڕۆچوونی سامانە سروشتییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بەهەدەرچوونی مرۆڤ کە لە برەونەدان و گەشەنەکردنی مرۆییەوە سەرچاوەی گرتووە. کەواتە ئەوەی لەکوردستاندا بەدیدەکرێ ناتەریبی گەشەی مرۆڤییە بە پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی.

**بۆیە دەبێ بپرسین ئاخۆ بەفیڕۆدانەکە لەکوێدایە؟**

* بەفیڕۆچووی وزەی لاوان. کاتێک لاوان و گەنجان خەریک دەکرێن بە دنیایەکی جەنجاڵ و بەخۆشیی کاتی و هێشتنەوەیان لە حەز و خولیای قۆناخی هەرزەییدا. ئەنجامەکەی ئەوەیە نەوەی داهاتوو نەتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن لە بوارەکانی ژیاندا. ئەمەش مانای کەمکردنەوەی بەهاو پێگەیانە بەهۆی بایەخنەدان بەتواناو بەهرەکانیان.

* بەفیڕۆدانی تواناي زانستی و ئەکادیمی بەهۆی رێگریی قانونی و رێخۆشنەکردنی بواری توێژینەوە.

* بەفیڕۆدانی توانای ژنان و ئافرەتان بەهۆی گەشەنەدان بە بەهرەوە لێهاتوویانەوە.

* سوود وەرنەگرتن و بەگەڕنەخستنی توانا جەستەیی و زەینییەکانی مرۆڤی کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی بەهۆی لاوازی هاندان و کارئاسانی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکانیان.
دیارە ئەنجامەکانی بەفیڕۆدان لە بچووکترین حاڵەتی مەترسیداردا، داتەپینی سیستمی پەروەردەو تەندروستی و هاتۆچۆو خزمەتگوزارییە تا دەگاتە داهزرانی رۆحی نەتەوەیی و نیشتمانی. چونکی بەکارخستنی تواناکان و لێهاتوویی و بەهرەکان وەک زیندەچالاکییەکی مرۆیی، بریتییە لەگەشەکردن و خۆناسین و هەستکردن بە ئینتما بۆئەو جێگەی بژێویی و پێزانینە. ئەمە راستییەکی سادەیە، فەرامۆشکردنی ئاکامی نەخوازراوی بەدوادا دێ.

## گەڕانەوە بۆحورمەتی مرۆڤ بەچاویلکەی کانت


شایانی باسە لە فەلسەفەدا پرسیارکردن دەربارەی (بوون)، واتە پرسیار و سۆراخکردنی ژیانێکی باش و شیاو. دواجار ئەو تێگەیشتنە بۆ بوونێکی باش و لەبار، دەبێتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکی حکومەت و هەڵسەنگاندنی هەر سیستمێکی سیاسی بەچاک و گونجاو. هاوکات لە فەلسەفەدا باس لە دووجۆر (بوون) دەکرێ: بوونێکی کردەکی - راستەکی (actual)، و بوونێکی هێزەکی (potential) کە ئەگەری هاتنەبوونی وەک بەڕاستی (بوون) هەیە.
هەڵبەت ئەگەر هەمان روانین سەبارەت بەبوون بەوجۆرە وەرگێڕینە سەر زمانی سیاسەتی بەڕێوەبردن ئەوەیە: دەبێ سیاسەتی بەڕێوەبردن و گەشەپێدان تەنیا جەخت لەو بوونە کردەکییە نەکات کە هەیە، بەڵکو دەبێ ئەوەشی دەشێ ببێت و ئەگەری هاتنەئارای راستە، بەهەند وەربگرێت. بەواتایەکی دیکە، سیاسەت هەر چاونەبڕێتە ئەوەی لەبەردەستدایەو بەرهەستە، بەڵکو بایەخ بە توانستە پۆتێنشاڵە بدات و رێ ئاسانی هاتنەبوونی بدات، دەنا ئامراز و رێگاکانی بەردەمی زوو دەپووکێنەوە. بۆیە بایەخدان بەبوونی هێزەکی کەمتر نییە لەوەی کە بەراستی و کردەکی هەیە. چونکی هەردووکیان بەندن بە بوونی مرۆڤەوە.
بۆیە ئەگەر بێین باس لە دیگای (کانت) بکەین بۆ مرۆڤ، دەتوانین (بوون) وەک پێدراوێکی دانەبڕاو لەمرۆڤ تەماشاکەین. بەتایبەت کاتێ (کانت) باس لەرێز و بەهای (dignity) مرۆڤ دەکات، دیدو روانینێکی رەهاو گەردوونی هەیە. ئەو مرۆڤ وەک ئامانج نەک ئامراز سەیر دەکات. واتە مرۆڤ ئامانجە لە بوون دا، کەواتە دەبێ سیستمی حوکمڕانی بەو جۆرە لە بوونی بڕوانێ و رەفتاری لەگەڵدابکات، نەک وەک ئامراز و ئامێرێ بۆ ئامانجەکانی فەرمانڕەوایەتی خۆی بەکاری بهێنێت.
هەڵبەت (کانت) لەسۆنگەی رێسایەکی گەردوونییەوە بۆ رێزو بەهای مرۆڤ دەڕوانێت، تا نەکرێتە ئامراز، بەڵکو ئامانجێك بێت لەخۆیدا. دیارە ئەم تێگەیشتنە بۆ هەموو مرۆڤێکە وەک لە کتێبی (بنەما میتافیزیکیەکانی رەوشت)دا هاتووە: (لە مەملەکەتی ئامانج و مەبەستەکاندا، هەمووشتێ نرخێ یا رێز و بەهایەکی هەیە. ئەگەر شتێ نرخی هەبوو، ئەوا دەشێ شتێکی دی هاوشان بێ لەبەرامبەریدا، بەڵام ئەگەر شتێك لەسەروو هەموو نرخێکەوە(واتە بەنرخ نەقەبڵێنرێ) و هاوتای نەبوو، ئەوە رێز و بەهایە). کەواتە لەبەرامبەر رێز و بەهای مرۆڤدا، هیچ شتێك بەهای نییە جگە لە خۆی کە وەک ئامانجێک تەماشا بکرێت. مرۆڤ بە نرخی ناپێورێت، بەڵکو بەو بەها دانسقەو تاقانەی کەهەیەتی لە بووندا.
بۆیە فەلسەفە کە بیر لە (بوون) دەکاتەوە، بیریش، لە مرۆڤبوون و پێشمەرج و ئەو دۆخە شیاوەی کە بوونی مرۆڤیش بەڕێز رادەگرێت، دەکاتەوە. هەربۆیە فەلسەفە بە رادیکاڵی باس لەو سیستم و پێشمەرجەش دەکات کە بوونێکی بەڕێز و باش دەڕەخسێنێت و بەهای مرۆڤ دەپارێزێت. ئیدی شاراوەنییە کە بەفیڕۆنەدانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک، بەندە بە تێگەیشتن لەمرۆڤ خۆیەوە. لێرەوە، حوکمڕانی بەبێ تێگەیشتن لە مرۆڤ مەحاڵە. لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایەتی لە تێگەیشتن لەبەهاو چییەتی مرۆڤ جیاناکرێتەوە. هەڵبەت هەر سیستم و رژێمێکیش ئازادیخوازبێت یا ستەمکار، دەبێ جۆرە تێگەشتن و روانینێکی بۆ مرۆڤ هەبێت. بۆیە کاتێک کە دەخوازین سیستمێکی سیاسی بەڕێوەبردنمان هەبێت، دەبێ تێگەیشتنێکیشمان دەربارەی مرۆڤ و چییەتی و وێناکردنیەوە هەبێت.
لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ تێگەی مرۆڤ لە داڕشتنی سیستم و شێوازی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا، مەرجی سەرکەوتن و هاوکات مرۆڤبوونە. بۆیە ئەوەی کەدەبێ سەرکردەو سیاسەتمەدارەکانی ئێمە بیزانن ئەوەیە: ئەقڵییەتێکی نەپساو نەپچڕاو هەیە لەنێوان مرۆڤبوون، بەفیڕۆنەدان و رێزگرتن و ماف و دادوەری و ژیانی شیاو و گەندەڵیشدا. بەواتایەکی دیکە: گوێنەدان بەمرۆڤ لە مرۆڤخستن و پێشێلکردنی ئازادی و دادوەرییە. دواجار ئەوەش جگەلە گەندەڵی مرۆیی و ماددیی هیچی لێناکەوێتەوە. ئیدی بەفیڕۆنەدانی مرۆڤ وەک وزە، وەک ماف و ئەرک، وەک سەرمایەو توانا، لەو سۆنگەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئازادیی مرۆڤ ئەوەیە کە بەهۆیەوە بگاتە بەهای راستەقینەی خۆی ئەوەش بهێنێتەدی کە برەودان و گەشەپێدان و پەرەسەندنیەتی.

***

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی- زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**لە مەملەکەتی ئامانج و مەبەستەکاندا، هەمووشتێ نرخێ یا رێز و بەهایەکی هەیە. ئەگەر شتێ نرخی هەبوو، ئەوا دەشێ شتێکی دی هاوشان بێ لەبەرامبەریدا**

**گەڕانەوە بۆ تێگەی مرۆڤ لە داڕشتنی سیستم و شێوازی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا، مەرجی سەرکەوتن و هاوکات مرۆڤبوونە**



# چەند تێبینیەک سەبارەت بە توێژی گەنجی کورد لە دۆخی هەنووکەدا

دکتۆر ئەحمەد محەمەدپوور*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گرنگیی چینی گەنج لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەروەها کولتووری وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەنووکە بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت بوارێکی ئاکادیمێک بەناو کۆمەڵناسی گەنجان ساز بکرێت کە لەسەر رۆڵ و پلە و پێگەی گەنجەکان لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا توێژینەوە دەکات، هەر بۆیە بە درێژایی سێ دەیەی رابردوو، لە پانتایی زانستی و ئاکادیمیدا، بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بابەت و کێشەی گەنجەکان سەرمایەگوزارییەکی زانستی و ماددی ئێجگار زۆر کراوە. گەنجەکانیش بەتایبەت لە دوا شەڕی دووهەمی جیهانی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و تەنانەت لە وڵاتە لە حاڵی گەشەکاندانیشدا نە تەنیا هێزێکی جەماوەری بە حیساب هاتوون، بەڵکو لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا پێشەنگ بوون.

کۆمەڵگای کوردەواریش، کۆمەڵگایەکی بە گشتی گەنجە و لەوە دەچێت لە رێژەی گەنجەکانی وڵاتانی دیکە بەپێی جەماوەر زیاتر بێت. بەڵام رۆڵ و کاریگەریی گەنج لە وڵاتی ئێمەدا چییە؟ یان دەبێ لە چ ئاستێکدا بێت؟ بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە، گەنج دەبێت یا دەکرێت چ دەورێکی هەبێت؟ هەروەها تا ئێستا بۆ بەشدارییپێکردنی ئەوان لە رەهەند و بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایەکەماندا چمان کردووە و چ کارێکیشمان پێدەکرا کە نەمان کردووە، دیارە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی گەنجە لەڕووی دامەزران و تەمەنی سیاسی و ئابووری، هەر جۆر حیسابی بکەین، ئەم وڵاتە دەستپێکێکی کورتی هەیە گەرچی لەڕووی مێژووییەوە لەوانەیە تەمەنێکی درێژی هەبێت، دەتوانین بڵێین زیاتر لە یەک دەیەیە کە توانیویەتی بە شێوەیەک سەرەودەرەی دۆخی خۆی بکات و لەسەر پێی خۆی هەر چەند بە لەرزۆکی و مەترسییەوە راوەستێت. بۆیە لەوانەیە نەکرێت چاوەڕوانییەکی زۆرمان لێ هەبێت و جێگەی ئینساف نەبێت ئەگەر بەپێی دۆخ و هەلومەرجی وڵاتە پێشکەوتووەکان هەڵیسەنگێنین. کەوایە، تەمەنی کەمی ئەم وڵاتە دەتوانێت جۆرە پاساوێک بە حیساب بێت بۆ زۆر ئیش و بەرنامە و پلان کە بەڕێوە نەچوون و هیواداریین بەڕێوە بچن. بەڵام لەگەڵ تەمەنی کورت و بارودۆخی مێژوویی ، هەروەها کارەساتە مێژووییەکانی وەکو ئەنفال و ئاوارەبوون و دەیان کێشەی دیکە، هەندێ بەستێن و ژێرخان لەم وڵاتەدا هەن کە شایەد لە هیچ وڵاتێکی دیکە دەست نەکەون، بۆ نموونە، سەرچاوە ئابوورییەکانی وەکو نەوت کە شای سەرچاوە ئابوورییەکانی جیهانە یان هروژمی کومپانیا و سەرمایەگوزارییە بیانییەکان کە بە چاک یان خراپ ئیمڕۆ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان روویان کردووەتە وڵاتی ئێمە، بۆیە دەتوانین دەرئەنجامە جۆراوجۆرەکانی ئەم

دۆخــە لە وێرانبوونی ژینگەڕا تا دەگاتە ســەرهەڵدانی گەڕەکە نوێیەکانی هەولێر و سلێمانی ببینین.

دیــارە بۆ وەبەرهێنانی ئەم دۆخە ئارام و ئاشــتیخوازانە، خەباتێکی دەیان ســاڵە کراوە و ئەم خەباتە ئێســتاش بە جۆرێک هەر بەردەوامە، خەبات بۆ ئازادی، سەربەخۆیی، ئاوەدانی و گەشــەی ســەقامگیر. لە دۆخێکی وەهادا یەکەم پرســیار ئەوەیە کــە چۆن دەکرێت یــان دەبێت کۆمەڵگا بەڕێــوە بچێت، ڕۆڵی چین و توێژەکان چییە و چ داهاتوویــەک بــۆ ئەم وڵاتە پێشــبینی دەکرێت، لێرەدایــە کە توێژی گەنج لــە دوو بوارەوە زەق دەبێتەوە، یەکەم ئەوەی کــە چ پلانێک دەبێ هەبێت بۆ پەروەردە و گەشــەی کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاســی خۆی چینی گەنج، دووهەم، چ ئەرک و بەرپرسیارییەتێک لە پانتایی کۆمەڵگادا لــە گەنج چاوەڕوان دەکرێت، واتە، گەنج پێویستە چۆن بەشدار بکرێت. کەواتە پێوەندیەکی دوولایەنە لە نێوان کۆمەڵگا و گەنجدا هەیە. لە لایەکەوە، ئــەوە ئەرکی کۆمەڵگایە کە گەنجەکان لە پرۆســەی بەکۆمەڵایەتیکــردن و پەروەردەکردن وەها بار بێنێ کە بکرێت حیسابیان لەسەر بکەین و چارەنووسی داهاتووی ئەم وڵاتەیــان پێ بســپێردرێت. لە لایەکــی دیکەوە، گەنجەکان ئەرکی ســەر شــانیانە نەهێڵــن ئەزموونی ســەردەمی کۆن و ئەنفال و تاکسالاری و دیکتاتۆرییان تووش بێتەوە و دووبارە بکرێتەوە. ئەرکی کۆمەڵگا خۆی لە دوو دەســتەدا دەگونجێت، یەکــەم ئەرکی بنەماڵە و پەروەردەی بنەماڵەییە کە بنەڕەتیترین قۆناغی ژیانە لە هــەر هەموو کولتوور و کۆمەڵگایەکدا. لەم بەشــەدا، دایــک و باوک دەبێت هەوڵ بدەن یاســا و ڕێســای کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، شارۆمەندی و هاووڵاتیبوون و بە گشتی ژیانی کولتووری فێری منداڵ و گەنجەکان بکــەن، دووەم، ئەرکی دەوڵــەت و حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ســەرچاوە مرۆییەکان بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە لە ئێســتاوە دابین بکات و ئــەوان بۆ بەڕێوەبردن و کارگێڕیــی داهاتــووی ئەم وڵاتە پــەروەردە بکات. ئەم ئیشــە بە هەنگاوی عەمەلی و کردەنی مســۆگەر دەبێت. خەڵک و حکومەتن هەرکام بەنۆرە و بە توانایی خۆیان پێویســتە ئەرک بخەنە سەر شانی گەنجەکان و هاوکات دەرفەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بۆ بڕەخســێنین تاکو گەنج لە بەرخۆری و تەمبەڵی بەرەو چالاکی و داهێنان بجووڵێتەوە، لە بەرانبەردا، لە گەنجی کوردیش چاوەڕوانی دەکرێت کــە خاوەن ڕوانگەیەکی داهاتووبین بێت و بە خوێندنەوەی ڕابردووبینانەی گەلی خۆی نەهێڵێت جارێکیدی ئەزموونی بێ دەســەڵاتی و لێقەوماوی دووپات بێتەوە. ئەوەی کە ئێســتا بە گشتی دەبیندرێــت ئەوەیە کە بەشــێک لــە گەنجەکانی ئەم وڵاتــە بەهۆی گیرۆدەبوون لە ژیانــی بەرخۆری و بێ بەرپرسیارییەتیی کۆمەڵایەتی هەروەها زاڵبوونی ژیانی ئابووری ســەرمایەدارانە تەنیا لــە بیر توڕدانی کات و توانــا و داهێنانی خۆیان دان و ژیانی ڕۆژانە و تەنانەت زانکۆیشــیان ئاوێتەی ئیســتراحەت و خۆشی و حەزی تاکەکەسی کردووە، بەجۆرێک کە فەزای زانکۆیەکان زیاتر هاوشێوەی تالاری ژنهێنان و هەڵپەڕکێن و ڕەنگ و بۆنی زانســتی و بیرۆکەی داهاتووبینی پێوە دیار نییە.

لە لایەکی دیکــەوە، هەندێ گەنجی بێ ئیش و بێکار هەن کە حەزیــان لە داهێنــان و بەڕێوەبردنی ژیانێکی ئاســاییە، بەڵام خۆیان بە خاوەن هیچ دەرفەتێک نازانن، داکۆکی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگای ئێمە لەســەر بەشی ئابــووری و بــە تایبەت تیجاری، هەروەهــا کردنەوەی دەرگای ماڵــی کۆمەڵگا بەرەو کۆمپانیا و شــەریکە بینایییەکان بۆتە هۆی چاوپۆشی و ئاوڕنەدانەوە لەم دۆخە نائاســاییە کە پێدەچێت لە داهاتوودا زیاتر کاریگەریی ڕەش و ناشیرینی لەســەر ئەم وڵاتە هەبێت، سەردانێکی ئاســایی فەرمانگەی نیشــینگە و مۆڵ و شەقامەکان نیشــان دەدات کە سیســتەمی ئابووریــی وڵاتی ئێمە کەوتووەتە دەست ژمارەیەکی زۆر لە شەریکە و کرێکارە بیانیــەکان، بە جۆرێک کە دەتوانین لــە فیلیپینی را تا تــورک و عەرەب و چینــی و ئەفریقی ببینین. بە داخەوە وڵاتی ئێمە ئەوڕۆ بۆتە ســفرەیەک کە هەموو کەس لەسەری دادەنیشێت جگە لە خۆمان. دیارە هەموو وڵاتێک بەرژەوەندیی خۆی لەبەر چاوە، بەڵام وێدەچێت ئێمە لە بەرژەوەندیی خۆمان تێنەگەیشتووین، چۆن ئیش و چالاکییــەک کە دەبێ خۆمان بیکەین و دەرفەتێک کە پێویســتە بۆ گەنجی وڵاتەکەمان بڕەخسێنین بەناو گەشــەی ئابووری و تیجــاری و پەیوەندیی نێودەوڵەتی پێشکەشــی وڵاتانی دیکەی دەکەیــن. لەم بەینەدا، نە گەنجە بێکار و فەقیرەکانمان ئیشــیان دەست دەکەوێت و نە گەنجە دەوڵەمەندەکانمان فێری بەرپرســیارییەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی دەبن.

لــەم قەیرانەدا کــە پەیتا پەیتا خەریکــە زاڵ دەبێت و وێدەچێت لە داهاتوویەکــی زۆر زوودا بەرەوە دۆخێکی نائاســایی و مەترســیدارمان بەرێت، پێویســتە بە پلان و بەرنامەیەکــی هەمەلایەنــە و داهاتووبیــن، وێڕای خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی دەستکەوتەکانمان، لەسەر پلە و پێگە و ڕۆڵی گەنجەگانمان بە شــێوەیەکی زانستی و تەکنیکی لێکۆڵینەوە بکەین، کێشــەکانیان بتوێژینەوە، هەل و دەرفەتەکان ڕوون بکەینەوە، ستراتیژییەکان دیزاین بکەیــن و بەبێ بە فیڕۆدانی کات و ســەرمایەکانمان دەست بدەینە چارەســەرکردنی ئەم قەیرانە، پێش ئەوەی کە لە سنووری قەیرانیش تێپەڕ بێت.

***

***مامۆستای میتۆدناسی- زانکۆی سەلاحەدین**

**کۆمەڵگای کوردەواریش، کۆمەڵگایەکی بە گشتی گەنجە و لەوە دەچێت لە ڕێژەی گەنجەکانی وڵاتانی دیکە بەپێی جەماوەر زیاتر بێت**

**هەندێ گەنجی بێ ئیش و بێکار هەن کە حەزیان لە داهێنان و بەڕێوەبردنی ژیانێکی ئاساییە، بەڵام خۆیان بە خاوەن هیچ دەرفەتێک نازانن**